# پوختەی
# ڕێنووس
# و
# خاڵبەندی

دانەر: دیاکۆ هاشمی

49 Book
Publishing

Scanned with CamScanner

# پوختەی ڕێنووس
# و
# خاڵبەندی

دانەر:

دیاکۆ هاشمی،
ڕێنوێنکاری زمان لە وەرگێڕان لە سوید

وەشانی ١

2021-09-25

Scanned with CamScanner

**لەسەر بنەمای بڕیارەکانی ئەکادیمیای کوردی، کوردئایتیگرووپ، زانستپەروەرانی کورد، چاوگ و فەرمانگەی ئایتیی کوردستان و بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تر**

**پێشکەشە بە:**

ماموستایان، خوێندکاران،
فێرخوازان و ڕاژەکارانی زمانی کوردی

**پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی**

دانەر: **دیاکۆ هاشمی**

**دیزاین: شاڕوخ ئەڕژەنگی**

**چاپی یەکەم: سوید 2021**

**وەشانخانەی ٤٩ کتێب**

**ISBN: 978-91-89439-15-3**

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دانەر.**

49 Book
Publishing

www.49plusbooks.com

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/**

**هەرێمی کوردستان ژمارە ( 1998)ی ساڵی ( 2021 )ی پێدراوە**

نرخ ٣٠٠٠ دینار

## ناوەڕۆک


**بەشی یەکەم:........................................................5**

**پوختەی ڕێنووس........................................................5**

پێشەکی ........................................................6

ئەلفبێ ........................................................8

هەمزە (ئـ)، (ء) ........................................................9

پیتی (ڕ) ........................................................11

پیتی (ک) ........................................................12

نەبزوێنی (و)، بزوێنی کورتی (و) و بزوێنی درێژی (وو)........................................................13

دەنگی درێژی (ی î) ........................................................15

(هـ) لە کۆتاییی وشەدا........................................................17

ئامرازی دانەپاڵ (ی) ........................................................18

(ی)ی درانەپاڵ (نیسبەت)........................................................19

دوودەنگە (دیفتۆنگ) ........................................................20

پیتی "ت" لەبیر نەکرێت ........................................................21

جێناوی وەک (ئەم، ئەو، ئەڤ) ........................................................22

وشەی لێکدراو........................................................23

ژمارەی لێکدراو (ژمارە + ژمارە)........................................................25

چاوگ و کاری لێکدراو........................................................27

وشەی داڕێژراو ........................................................29

سێ پێشگر + چاوگ........................................................32

ئامرازی (پێ، تێ، لێ)........................................................33

وشەی نافەرهەنگی........................................................34

نیشانەکانی بەردەوامبوون و ئەمر و نەرێکردن ........................................................34

(نە)ی ڕەتکردنەوە ........................................................35

کێشەی (د)........................................................35

(پێشبەند preposition) ........................................................36

(پاشبەند) ........................................................37

(ئامرازی لێکدەر)........................................................39

کێشەی "بێـ"، "بێ" و "بەبێ" ........................................................40

هاوەڵکاری چۆنیەتی........................................................40

ئامرازی (تر، ترین) و وشەی (تر = دیکە)........................................................41

ئامرازی (ش)........................................................41

وشەی بێگانە ........................................................42




Scanned with CamScanner

کێشەی (دە، ئە) ....................................................43
(نیومەودا semi-space) ....................................................44
کێشەی گۆڕانی (وو) بۆ (ۆ)....................................................45
(یەک، یێک) ....................................................45
کێشەی جێناوی لکاوی تاک و کۆ ....................................................46
کێشەی تێکەڵکردنی (ڤ)، (ف)، (و) ....................................................47
ڕۆژانی هەفتە، دارمیوەکان و هتد ....................................................47
ناوبەندی (و)....................................................48
کێشەی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە ....................................................49
دۆزینەوەی ڕەگی کار....................................................50
وەڵامی پرسیاری فێرخوازان....................................................54
**بەشی دووەم:....................................................55**
**خاڵبەندی....................................................55**
پێشەکی خاڵبەندی:....................................................56
خاڵ (.) ....................................................57
جووتخاڵ (:)....................................................61
بۆر (،)....................................................62
خاڵبۆر (؛)....................................................64
نیشانەی پرس (؟)....................................................64
نیشانەی سەرسوڕمان (!) ....................................................64
جووتەکەوانەی بچووک « » ....................................................65
جووتەکەوانەی گەورە ( ) ....................................................66
هێڵ یان تەقەڵ (-) ....................................................67
سێخاڵ (...) ....................................................69
بۆشایی (space)....................................................70
هێڵی لار(/) ، (ا) پیتی (ر)، هێمای دابڕ (,)....................................................72
دوازدەیەم: ....................................................72
**بەشی سێیەم....................................................73**
**وەرگێڕانی باش ....................................................73**
پێشەکی ....................................................74
چەند ڕێنوێنییەک بۆ وەرگێڕانێکی سەرکەوتووتر:....................................................75




Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم:

# پوختەی ڕێنووس



Scanned with CamScanner

# پێشەکی

ڕێنووس واتە یاسا و ڕێسای چۆنێتیی نووسینی وشە و کار لە دۆخی جۆربەجۆری وەک تاک، لێکدراو، داڕێژراو، چاوگ و گەردان. ڕێنووس هەروەها لە شێوەی بەکارهێنانی ئامراز و گیرەک دەدوێت.

زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانانەش زیاتر لەڕووی تەکنۆلۆژیا و ئایتییەوە ڕوو دەدەن. زمان دەبێت لەگەڵ ئایتیدا بگونجێنرێت و دەبێت بۆ کاری بنکەدراوەیی و دیجیتاڵ ئامادە بکرێت.

ڕێنووس بابەتێکی زمانەوانی یان ڕێزمانیی ڕەبەق نییە تا خاڵ بە خاڵ بەو پێوەرانە ڕێک بخرێت، بەڵکوو بەشێکی هەرە زۆری ڕێککەوتنە. بەشێکی لە کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە و بەشێکیشی نوێیە. زمان بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، هەر بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین ڕێنووسەکەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێنین.

جاران بە دەست دەنووسرا، گرنگ نەبوو بۆشاییی نێوان پیتەکان و نیشانەکان کەم یان زۆر بن، کەسیش بیری لێ نەدەکردەوە، بەڵام ئێستە دانان یان دانەنانی بۆشاییەک کار دەکاتە سەر زۆر شت.

ماڵپەڕەکانی دنیا بە کرتەیەک لە زمانێکەوە وەردەگێڕدرێنەوە سەر زمانێکی تر، بە کرتەیەک دەق و دەنگ دەگۆڕدرێن بۆ یەکتر، بە کرتەیەک دەقێکی دوورودرێژت بە دەنگ بۆ دەخوێنرێتەوە. هەموو ئەمانە پێویستیان بە ڕێنووسێکی یەکدەست و بنەمایەکە کە بەوردی بیری لێ کرابێتەوە. دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە زمانەکە لە داهاتوودا بتوانێت بۆ زۆر پرۆژەی ئایتی بەکار بهێنرێت. زمان بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئایتی زیاتر دەتوانێت گەشە بستێنێت. دەبێت پرس بە شارەزایانی بواری ئایتی بکرێت و ڕای ئەوان لەبەرچاو بگیرێت.



Scanned with CamScanner

ڕێنووس لە هەموو زمانێکدا کێشەی هەیە و هیچ زمانێکی دنیا نییە کە ڕێنووسەکەی مشتومڕی لەسەر نەبێت. ئەوەی زیاتر کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت باشتر دەزانێت کە ڕێنووس چەندە وردبینیی دەوێت. گرنگ ئەوەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕێنووس ئاگاداری ئایتی و کوردی بین و هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگرین.

ئەم ڕێنووسە، لەسەر بنەمای بڕیارەکانی "**ئەکادیمیای کوردی**"، "**زانستپەروەرانی کورد**"، "**کوردئایتیگرووپ**"، "**چاوگ**" و "**فەرمانگەی ئایتیی کوردستان**" ئامادە کراوە.

ئامانجی ئەم ڕێنووسە ئەوەیە بتوانێت ئاسانکاری بکات تا لە ڕێنووسێکی بێهەڵە نزیکتر ببینەوە و هەروەها بکرێتە بنەما بۆ پرۆژەی وەرگێڕانی مەکینەیی و پرۆگرامی چێکردنی هەڵەگری دیجیتاڵی.



Scanned with CamScanner

# ١

## ئەلفبێ

ئـ - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - هـ - ە - و - وو - ۆ - ی - ێ.

### ڕوونکردنەوە:

**پیتەکان:** ٣٤ پیت.

**بزوێنەکان:** ٨ دەنگ، ٧ پیت + ١ بزرۆکە (i) کە پیتی بۆ دانەنراوە.

دوو پیتی (و، ی) هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن.

لە زمانی کوردیدا، وشـەی لێکدراو، لە پلەی یەکەمدا، بەبێ هیچ ناوبەندێک پێکەوە دەلکێنرێت. ئەگەر نەکرا، ئەو کاتە ناوبەند بەکار دەهێنین. هەروەها، لە هەموو زمانەکانی دنیادا چونکە وشـەی (**Alphabet**) پێکەوە لکێنراوە، ئێمەش شـێوەی لێکدراو بەکار دەهێنین: (ئەلفبێ)، نەک "ئەلفوبێ" یان "ئەلف بێ".

# ٢

## هەمزە (ئـ)، (ء)

هەمزە، لە زمانی عەرەبی و فارسیدا، شێوازی جۆربەجۆری هەیە، وەک: (أ ٳ لأ لإ ؤ ئـ ء)، بەڵام لە کوردیدا، زیاتر شێوازی (ئـ) بەکار دەهێنین.

**هەندێک جار کە لابردنی هەمزە واتا تێک نەدات دەیسڕینەوە وەک:**

✓ خۆراوا، ڕۆژاوا، ماڵاوایی

✗ (نەک: خۆرئاوا، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی)

**ڕوونکردنەوە:**

هەمزە (ئـ)، لە سەرەتای وشەی بزوێندار و لە سەرەتای بڕگەی بزوێنداردا دەنووسرێت، وەک (ئاو)، (دەرزیئاژن)، بەڵام لە وشەی لێکدراوی وەک ئەمانەدا دەیقرتێنین، چونکە هیچ لە واتاکە ناگۆڕێت و بوونی پێویست نییە:

گوڵ + ئاو = گوڵاو (نەک: گوڵئاو)

خۆر + ئاوا = خۆراوا (نەک: خۆرئاوا)

✓ **دەنووسین:** گۆشتاو، گوڵاو، ماستاو، ڕۆژاوا، ماڵاوایی.

✗ **نەک:** گۆشتئاو، گوڵئاو، ماستئاو، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی.

**ئاوارتە:**[1]

**١. لێوئاڵ:** ناکرێت هەمزە لە وشەی (لێوئاڵ)دا بقرتێنین، چونکە قورسایی بزوێنەکە دەکەوێتە سەر "ێ" و "ا" و بەبێ هەمزە واتاکە تێک دەچێت، وەک ئەوەیە بڵێی (لێ واڵ)، کە ئەویش هەڵەیە.

**٢. قورئان:** هەروەها ناکرێت هەمزە لە وشەی (قورئان)دا بسڕینەوە، چونکە واتاکەی تێک دەچێت.

---

[1] ڕیزپەڕ، لەیاسابەدەر



Scanned with CamScanner

## هەمزە لە سەرەتا یان کۆتاییی وشەدا (ئـ) و (ء)

هەندێک پیت لە سەرەتا یان لە کۆتاییی وشەدا شێوازی جۆربەجۆریان هەیە، بۆ نموونە: (یـ) و (ی)، وەک: یاری.

هەمزەش بە هەمان شێوە، لە سەرەتا و کۆتاییدا دوو شێوازی هەیە: (ئـ) و (ء). لە زمانی کوردیدا بەگشتی هەر (ئـ) بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەندێک وشەی عەرەبی هاتوونەتە ناو شیعری کلاسیکی کوردییەوە کە بە هەمزە کۆتاییان دێت و ئەگەر وشە عەرەبییەکە وەک خۆی نەخرێتە ناو کەوانەوە و بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت، ناچارین کەڵک لە (ء) وەربگرین بۆ ڕێنووسە کوردییەکەی:

ئەووەڵ و ئاخری دونیا وەکوو دەندان و لەبت
تاجیری ڕوویی جیهان لوئلوء و مەرجانی نییە
سالم

کە ئەمری فەرموو ئەو شاهە بە (إقرأ)
ئەگەر فەرمانی قەتڵە کێ دەڵێ نەء!
قسەی مایەی خرۆشی نشاتینە
دوو عالەم نەشئە جۆشا، لەبیە مەنشەء
مەحوی

هەتا بکرێت باشترە وشەی عەرەبی بە ڕێنووسی عەرەبی بخرێتە ناو کەوانەوە، ئەگەر هەر ویسترا وشەکە بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت و لە ئاخردا بە هەمزە تەواو ببێت، ئەوە بەناچاری کەڵک لە (ء) وەردەگرین.



Scanned with CamScanner

٣

## پیتی (ڕ)

**(ڕ) لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا وەک خۆی دەنووسرێت:**

ڕاز، گڕکان، گڕ

**ڕوونکردنەوە:**

١. (ڕ) و (ر) دوو فۆنیمی جیاوازن و لە سیستەمی یونیکۆددا دوو کۆدی جیاوازیان هەیە.

٢. جاران کە نووسین تەنیا بە دەست بوو، بۆ ئاسانکاری دەوترا با بە (ر)ی سادە بینووسین بەڵام بە (ڕ)ی گڕ بیخوێنینەوە، ئەوە لە سەردەمی تەکنۆلۆجیادا نادروستە، ئەم دوو پیتە لە تەختەکلیلی کوردیدا دوگمەی جیاوازیان هەیە، سەیر دەبێت بە دوگمەی (ر)ی سادە بینووسین بەڵام بە (ڕ)ی گڕ بیخوێنینەوە.

## پیتی (ک)

(ک) بەبێ نیشانە دەنووسرێت:

✓ خاک، چەک، پاک

✗ (نەک: خاك، چەك، پاك)

### ڕوونکردنەوە:

پێویستە لەنێوان دوو پیتی (ک و ك) کە = (K) یەک بژارە بمێنێتەوە، ئەمە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسییشدا لە بواری ئایتیدا هەر کێشەسازە.

کورد لە کۆنەوە نیشانەکانی سەرە (فتحە)، بۆرە (ضمە)، ژێرە (کسرە)ی لە ئەلفبێی کوردیدا لابردووە، هەروەها پیتی (ک) لە سەرەتا و ناوەڕاستیشدا هەر بە (ک) دەنووسرێت، کەوا بێت:

لە کۆتایی وشەدا ئیتر (ك) بەکار ناهێنین و تەنها (ک) دەنووسین و خۆمان یەکلایی دەکەینەوە.

ئەمە بڕیاری (کوردئایتیگرووپ)ە کە فۆنت و تەختەکلیلی یونیکۆدی کوردییان دروست کردووە و بڕیارەکەش پاڵپشتیی فەرمانگەی ئایتی و ئەکادیمیاشی لە پشتە.

هەڵبەت نووسینی ئەمە بە کۆمپیوتەر و بە شێوەی دیجیتاڵی زیاتر پێوەندیی بە جۆری فۆنت و دوگمەی تەختەکلیلەوە هەیە.

گرنگیشە کاتێک بە دەست دەنووسین هەرگیز (ك) بەکار نەهێنین و پاساویشی بۆ نەهێنینەوە کە گوایە ئەم کوردییە و ئەوی تر ناکوردییە، ئەم جوانیی تێدایە بۆ نووسین و ئەوی تر تێیدا نییە، هەمووی ڕاهاتنێکی سادەیە، پاش ماوەیەک نووسینی (ک) لە کۆتاییدا پێی ڕادێین: (پاک)

**پەیامێک بۆ مامۆستایانی ناو پۆل کە جاروبار بە دەست دەنووسن:**

تکایە لە جیاتیی (ك)ی نیشانەدار (ک)ی سادەی بێنیشانە بنووسن.



Scanned with CamScanner

## نەبزوێنی (و)، بزوێنی کورتی (و) و بزوێنی درێژی (وو)

| پیتەکان | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|---|
| نەبزوێنی (و w) | ون | شەوبۆ | ڕاو |
| بزوێنی کورتی (و u) | ئومێد | کورد | - |
| بزوێنی درێژی (وو û) | ئووبا | کەرکووک | توو |

### ڕوونکردنەوە:

**١. نەبزوێنی (و w):**

(و w) نەبزوێنە، لە سەرەتای وشەدا هەمیشە (و w) دەنووسرێت نەک (وو û):

✓ وشە، وس، ورچ

✗ (نەک: ووشە، ووس، وورچ)

هەروەها لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا کە بزوێنێک بێت، هەمیشە (و w) بەکار دەهێنرێت:

**شەوبۆ ، ڕاو**

**٢. بزوێنی کورتی (و u):**

(و u) بزوێنی کورتە، لە سەرەتا لەگەڵ هەمزە دێت، لە ناوەڕاست لەگەڵ نەبزوێن دێت، لە کۆتاییدا دەرناکەوێت:

**ئوستاد ustad، خول xul، -**

### ٣. بزوێنی درێژی (وو û):

(وو û) بزوێنی درێژە، لە سەرەتادا لەگەڵ **هەمزە** دێت وەک:

(ئووبا)،

لە ناوەڕاستدا لەگەڵ نەبزوێن دێت:

✓ نووسین، مەحموود، حکوومەت/حوکوومەت

✗ (نەک: نوسین، مەحمود، حکومەت)

(وو): هەمیشە لە کۆتاییی وشەدا پاش **نەبزوێن** (وو) دێت:

✓ وەکوو، چوو، موو

✗ (نەک: وەکو، چو، مو)

**تێبینی:**

ئەمە بڕیار و یاسایەکی زمانی کوردییە کە دەنگی درێژی (وو) لە هەموو وشەیەکدا وەک خۆی بە (وو) بنووسرێت و نەک بە (و). ئەمە هەر لە کۆنەوە هەبووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.



Scanned with CamScanner

## دەنگی درێژی (ی î)

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرەتا | ئینجا | ئیبراهیم | ئیسلام |
| ناوەڕاست | بیر | شیر | پیلان |
| کۆتایی ١ | پەتی | کوردی | قەیسەری |
| کۆتایی ٢ | ئاسایی | پەمەیی | لادێیی |

### ڕوونکردنەوە:

**دەنگی درێژی (ی î):**

دەنگی درێژی (ی î) لە هەر کوێی وشەدا بوو هەر بە یەک (ی) دەنووسرێت، لە سەرەتادا لەگەڵ **هەمزە** دەنووسرێت:

**١. سەرەتا: (ئـ + یـ): ئینجا، ئیبراهیم، ئیسلام**

**٢. ناوەڕاست: بیر، شیر، سینەما، پیلان**

**٣. لە کۆتاییدا دوو جۆرە:**

**کۆتایی ١:**

کاتێک پێش لە (ی î) دەنگی **نەبزوێن** بێت، هەر بە (ی) دەنووسرێت:

✓ پەتی، کوردی، قەیسەری

✗ (نەک: پەتیی، کوردیی، قەیسەریی)

**کۆتایی ٢:**

کاتێک پێش لە (ی î) دەنگی بزوێن بێت، ناوبەندی (یـ) زیاد دەکەین بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەنووسرێن و بە (یی) دەنووسرێت:

**(ئاسایی asayî)، پاوەیی، شنۆیی، لادێیی، خۆجێیی**

بەپێی بڕیاری ئەکادیمیا لە وشەی وەک (پەتـی، سویدی، چۆپـی) کە پێش لە (ی) دەنگی نەبزوێن هاتووە پێویست ناکات بۆ درێژکردنەوەی دەنگەکە بنووسین (پەتیی، سویدیی، چۆپیی)، چونکە دەنگی (ی)ی درێژ لە ناوەڕاستیشدا هەر بە یەک (ی: میر) دەینووسین، لە کۆتاییشدا هەر بە (ی) دەینووسین، لە ڕستەدا کورت و درێژییەکەی دەردەکەوێت:

بژی ئازادی!

تۆ ئازادی.

بەی

پاش نەبزوێن دەنگەکە درێژە (ئازادی).

وەک جێناوی لکاو دەنگەکە کورتە. (تۆ ئازادی).

پاش بزوێن دەنگەکە کورتە (بەی).

هەموویان بە (ی) دەنووسرێن.

بەڵام ئەگەر وشەیەکی تر بەدوایدا هات ئەوە ئامرازی دانەپاڵی (ی)ی پێ زیاد دەکەین:

ئازادیی نیشتمان، بەرزیی دار.

## (هـ) له كۆتاییی وشەدا

نابێت (هـ) لەگەڵ بزوێنی (ە)دا تێکەڵ بکرێت، بەتایبەت لە کۆتاییی وشەدا:


ماهـ (نەک: ماە)، مەهـ (نەک: مەە) بەهـ بەهـ (نەک: بە بە).

چ خـاکێ کـــەم بـە سەرما، مـامــەوە تاک
بە لێو ئاهـ و بە چاو ئەشک و بە سەر خاک
مەحوی
شەوقی مەهـ و ڕووی دڵبەر کەوتوونەتە جەدەل دیسان
"سالم"

**ڕوونکردنەوە:**

بۆ نووسینی (هـ):

لە تەختەکلیلی ستانداردی کوردی، دروستکراوی (کوردئایتیگرووپ) کە لە سیستەمی مایکرۆسۆفت و هەموو کۆمپیوتەرەکاندا جێگیر کراوە:




بۆ نووسینی (هـ) کە درێژ کراوە: (H) + SHIFT + (M)

- بە هەمان شێوەی سەرەوە دەتوانیت هەر پیتێکی تریش کە پێت خۆشە بەم شێوەیە درێژ بکەیتەوە: کـــــــوردســـــتان

## ئامرازی دانەپاڵ (ی)

| وشە | ئامرازی دانەپاڵ | وشە | گرێی ناوی/هاوەڵناوی |
|---|---|---|---|
| کورد | ی | سنە | کوردی سنە |
| کوردی | ی | سنە | کوردیی سنە |
| سنەیی | ی | کوردپەروەر | سنەییی کوردپەروەر |

**ڕوونکردنەوە:**

(ی)ی ئامرازی دانەپاڵ، ئەرکێکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە، واتە وەک پیتێک یان وشەیەک هەژماری بوونی بۆ دەکرێت، فۆنیمێکە بوونی پێویستە، بۆ نموونە گرێی ناوی یان هاوەڵناوی دروست دەکات، هەر بۆیە هەرگیز نابێت بقرتێنرێت.

(ی)ی ناوبەند، جیاکەرەوەی دوو بزوێن:

| بزوێن | ناوبەند | بزوێن | |
|---|---|---|---|
| نی | یـ | ە | نییە |
| چی | یـ | ە | چییە |
| کوردی | یـ | ە | کوردییە |
| شنۆیی | یـ | ەکان | شنۆییەکان |
| خۆجێیی | یـ | ەکان | خۆجێییەکان |

**ڕوونکردنەوە:**

دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن، ئەگەر کەوتنە پاڵ یەکترەوە، ئەو کاتە ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیان.

**بزوێن + ناوبەندی یـ + بزوێن**

## (ی)ی درانەپاڵ (نیسبەت)

(ی) لە کاتی درانەپاڵ (نیسبەت)دا بە یەک (ی) دەنووسرێت و سێ دۆخی هەیە:

١. ئەگەر وشەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت:

هەولێر + ی = هەولێری

**هەروەها:** کرماشانی، چەمچەماڵی، کەرکووکی، مەهابادی

٢. ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتایی هاتبێت ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیانەوە:

**شنۆیی، پاوەیی، سەرگەڵوویی، میراوایی**

٣. ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی پێ هاتبێت هیچی پێ زیاد ناکەین:

سلێمانی: ئاسۆ سلێمانی لەوێ دانیشتووە.

ئامێدی: ئاسۆ ئامێدی لەوێ دانیشتووە.

**ناوی نیسبەت یان درانەپاڵ، لە کوردیدا وا دروست دەبێت:**

(ناوی شوێن + ی) وەک:

کەرکووک + ی = کەرکووکی.

لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا زۆر ناو بە شێوازی عەرەبی هاتوونەتە ناو کوردییەوە و بەکار دەهێنرێن و وا جێ کەوتوون کە لابردنیشیان نەلواوە:

ئەمریکی: کوردییەکەی: (ئەمریکا + یی = ئەمریکایی).

ئەفریقی: کوردییەکەی: (ئەفریقا + یی = ئەفریقایی، ئافریقایی، ئافریکایی).

فەرەنسی: کوردییەکەی: (فەرەنسا + یی = فەرەنسایی).

هەندێک نەتەوە هەن کە "ی" وەرناگرن:



Scanned with CamScanner

کورد، ئەفغان، فارس، عەرەب، تورک، تاجیک.
هەندێک نەتەوەش هەن هەر بە ناوی وڵاتەکەیان نیسبەت دەدرێن:
سویدی، چینی، ژاپۆنی.
بۆ دیاریکردنی دۆخی (هاووڵاتێتی) ئەوە ئاماژە بە (وڵات) دەکرێت و (ی) زیاد دەکرێت:
عەرەبستانی، عێراقی، چینی، سویدی، ئێرانی، ئەفغانستانی.

## ١٠

## دوودەنگە (دیفتۆنگ)

دوودەنگەی وەک (وێ، وی) چ لە کوردیی ناوەڕاست و چ لە کوردیی خوارووداا پێویست بە پیتی جیاواز ناکات، هەر بە دوو پیت دەنووسرێن:

**لە کوردیی ناوەڕاست:**

شوێن، خوێن، جوێن، نوێن، گوێ، توێ.

**لە کوردیی خواروو (کووردیی باشووری):**

خوین (خوێن)، بیستوین (بێستوون)، چوی (چۆن)، دوێت (کچ).

لە کوردیدا بڕیار دراوە کە دوودەنگە (دیفتۆنگ) هەر بە (وی) بنووسرێت جا ئەمە چ کوردیی ناوەڕاست بێت یان هەر شێوەزارێکی تر بێت، هەمان یاسا دەیگرێتەوە. بەبێ ئەوەی پیتی تر زیاد بکەین ئەوە بەو جۆرە دەنووسین و ئاخافتەری هەر شێوەزارێک خۆی باش دەزانێت چۆن بێژەی بکات.



Scanned with CamScanner

# ١١

## پیتی "ت" لەبیر نەکرێت

لە وشەی وەک (ماست، دەست) نابێت پیتی "ت" لەبیر بکرێت و نابێت بنووسین (ماس، دەس)، بەڵکوو، ماست، دەست دروستە، هەروەها:

✓ دەستەسڕ، دەستاودەست، ماستاوچی

✗ (نەک: دەسەسڕ، دەساودەس، ماساوچی)

**بەپێی کۆمەڵەی (٣)ی جێناوی لکاو:**

| | | |
|---|---|---|
| م / یت / ات، ێت | ین / ن / ن | ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ |

نابێت "ت" لەم دۆخانەدا لەبیر بکرێت:

دەنووسیت (نەک: دەنووسی)، دەنووسێت (نەک: دەنووسێ).

دەکڕیت (نەک: دەکڕی)، دەکرێت (نەک: دەکڕێ).

دەخۆیت (نەک: دەخۆی)، دەخوات (نەک: دەخوا).



Scanned with CamScanner

## جێناوی وەک (ئەم، ئەو، ئەڤ)

جێناوی سادە کاتێک ئاماژە بە کات (ڕۆژ، شەو، ساڵ) بکات پێکەوە دەنووسرێت:

✓ ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمجار

✗ (نەک: ئەم شەو، ئەم ساڵ، ئەم جار)

ئەمجار سەختتەرەن زامم جە جاران
چڵ مدۆ دایم چـون گەستەی ماران
مەولەوی

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕخەمەن
ئەساسـەی مـاتەم جەلامان جەمـەن
مەولەوی

بەڵام ئەگەر پاش کاتەکە پاشگری (ە، ی) بنووسرێت، ئەوە جێناوەکە جیا دەبێتەوە:

✓ ئەم شەوە، ئەم ساڵە، ئەم جارە

✗ (نەک: ئەمشەوە، ئەمساڵە، ئەمجارە)

نەمـردم مـن ئەگەر ئـەم جـارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
"نالی"

ئەم ڕۆژی ساڵی تـازەیـە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
پیرەمێرد

## وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو یان بە یارمەتیی (ناوبەند) یان بێ هیچ ناوبەندێک پێکەوە دەلکێن:

### ١. بەبێ ناوبەند:

| ✓ | ✗ |
|---|---|
| ڕەشماڵ: | (نەک: ڕەش‌ماڵ، ڕەش ماڵ) |
| سەهۆڵفرۆش: | (نەک: سەهۆڵ‌فرۆش، سەهۆڵ فرۆش) |

### ٢. بە یارمەتیی یەکێک لەم ناوبەندانە (ە، بە، و، ەو، او):

| ✓ | ✗ |
|---|---|
| گوڵەگەنم | (نەک: گوڵە گەنم) |
| جێبەجێ) | (نەک: جێ بە جێ، جێ‌بەجێ) |
| هاتوچۆ | (نەک: هات‌وچۆ، هات و چۆ) |
| شارەوشار | (نەک: شارە و شار، شارەو شار) |
| پشتاوپشت | (نەک: پشتاو پشت) |

### بۆ نموونەی زۆرتر لە وشەی لێکدراو بڕوانە:

| | | | | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| ناو | | ناو | | مارماسی، شاهەنگ، تەختەکلیل |
| ناو | ە | ناو | | مانگەشەو، گوڵەگەنم، ژنەپێشمەرگە |
| ناو | بە | ناو | | دەربەدەر، نیشتمانبەدەر، جێبەجێ |
| ناو | و | ناو | | هێلکەوڕۆن، دەموچاو، لەرزوتا |
| ناو | | قەد | | ڕۆژهەڵات، دەستکرد، دەستکەوت |
| ناو | و | قەد | | دەستوبرد، |

| | | | | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|---|---|
| ناو | | هاوەڵناو | | گوێدرێژ، چاوجوان، کانیکەوە |
| ناو | ە | هاوەڵناو | | مێرگەسوور، کێلەسپی |
| ناو | ە | هاوەڵناو | ە | ئاگرەسوورە، مریشکەڕەشە، |
| ناو | | ڕەگی کار | | سەهۆڵفرۆش، گیرفانبڕ، وێبگەڕ |
| ناو | | دووپات | | کونکون، پڵپڵ، گرنجگرنج |
| ناو | ە | دووپات | | لرفەلرف، گڤەگڤ، خشەخش |
| ناو | ەو | دووپات | | شارەوشار، دارەودار، ساڵەوساڵ |
| ناو | او | دووپات | | چڵاوچڵ، پشتاوپشت، دەستاودەست |
| ڕەگی کار | ە | ڕەگی کار | | تەپەتەپ، سووڕەسووڕ، مڕەمڕ |
| ڕەگی کار | و | ڕەگی کار | | ترسولەرز، مشتوماڵ (مشتن، ماڵین)، |
| قەد | و | قەد | | هاتوچۆ |
| هاوەڵناو | | ناو | | ڕەشمار، زەرداو، ڕەشماڵ |
| هاوەڵناو | ە | ناو | | سوورەقاز، ڕەشەبا، تەڕەپیاز |
| هاوەڵناو | | ڕەگی کار | | کورتبین، نوێخواز، ڕەشبین |
| هاوەڵناو | ە | ڕەگی کار | | کۆنەفرۆش، سەوزەپۆش، بەرزەبێژ |
| هاوەڵناو | و | وشەی بێواتا | | گورجوگۆڵ، ڕەقوتەق، نەرمونۆڵ |
| ژمارە | | ناو | | یەکشاخ، دوودڵ، چوارچرا، هەزارپێ، سێشەممە |
| هاوەڵکار | | ناو | | بەربانگ، بەرماڵ، بنباخەڵ، ژێرکراس |
| هاوەڵکار | | ڕەگی کار | | بەرماڵ، بەربەست، دووربین |
| هاوەڵکار | | ڕەگی کار | ە | لاگیرە، بەرچنە |



Scanned with CamScanner

## ژمارەی لێکدراو (ژمارە + ژمارە)

ژمارەی لێکدراو کە پێک هاتووە لە (ژمارە + ژمارە) بەجیا دەنووسین، چونکە کاتێک دوورودرێژ بن دەتوانن ئاڵۆزی دروست بکەن، هەر لەبەر ئەوە جگە لە ژمارەی ئاوێتە نەبێت هیچ ژمارەیەکی لێکدراو واتە (ژمارە + ژمارە) پێکەوە نانووسین:

**(11-19)، ژمارەی ئاوێتە:**

یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە

**(21-99)، ئەم ژمارە لێکدراوانەش بەجیا دەنووسین:**

(بیست و یەک = ٢١)، (سی و چوار = ٣٤)، (چل و پێنج = ٤٥)

**(100-900)، ئەم ژمارە لێکدراوانەش بەجیا دەنووسین:**

(یەک سەد = ١٠٠)، (دوو سەد = ٢٠٠)، (سێ سەد = ٣٠٠)

**هەر ژمارەیەکیش لەگەڵ (سەد، هەزار، ملیۆن، ملیارد و هتد) بێن هەر بەجیا دەنووسرێن:**

**(یەک هەزار = ١٠٠٠)، (دوو هەزار = ٢٠٠٠)،**

**(سێ ملیۆن = 3 000 000)، (چوار ملیارد = 4 000 000 000)**

**نموونەی نووسینی ژمارەیەکی گەورە (1 852 344):**

**یەک ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا و دوو هەزار و سێ سەد و چل و چوار**

**(ژمارە + وشە):**

بەڵام ژمارە لەگەڵ وشـەیەکی تر کە وشـەی لێکدراو دروسـت بکات پێکەوە دەنووسرێت:

**دووشـەممە، پێنجشـەممە، منداڵێکی یەکسـاڵە. دوودڵ، چوارچرا، هەزارپێ، چوارتا.**



Scanned with CamScanner

**١. ژمارەی بنجی:**

یەک، دوو، سێ، یازدە، دوازدە، سێزدە، بیست و یەک، بیست و چوار

**٢. ژمارەی پلەیی** (ژمارە + ەم، ەمین):

یەک + ەم = یەکەم، دووەم،

یەک: یەکەم، یەکەمین

چوار: چوارەم، چوارەمین

ئەگەر ژمارە کۆتاییەکەی بزوێن بێت، ناوبەندی یـ دەخەینە نێوانیان:

ژمارە + یـ + ەم = نۆیەم، دەیەم، پەنجایەم.

سێ: سـێـیــــەم، سـێـیــــەمین.

نۆ: نۆیــــەم، نۆیــــەمین.

پەنجا: پەنجایــــەم، پەنجایــــەمین.

**٣. ژمارەی دابەش:**

دوو دوو، سێ سێ، پێنج پێنج، دە دە.

لەگەڵ ئامرازی (بە):

یەک بە یەک، دوو بە دوو، سێ بە سێ، پێنج بە پێنج.

**٤. ژمارەی کەرتی:**

(١/١٠): دە یەک = یەک لەسەر دە.

(٣/٧): سێ لەسەر حەوت = لە حەوتدا سێ.

(٧ر٠): لە دەدا حەوت. (١٤ر٠): لە سەددا چواردە.

(١٤٠ر.): لە هەزاردا سەد و چل.



Scanned with CamScanner

## چاوگ و کاری لێکدراو

**ئەو چاوگانەی کە کاری لێکدراویان لێ دروست دەکرێت چ تێپەڕ بن وەک** (فڕێدان)، چ تێنەپەڕ بن وەک (تێکچوون)، یان چاوگی (گەرمبوون) کە کاری ناتەواوی لێ دروست دەکرێت، لە کاتی گەردانکردندا بەشی دووەمەکەی بەجیا دەنووسرێت:

- **ڕانەبردوو:**

**فڕێدان:** فڕێ دەدەم، فڕێ دەدەیت، فڕێ دەدەین.
**تێکچوون:** تێک دەچێت، تێک ناچێت، تێک دەچن.
گەرمبوون: گەرم دەبێت، گەرم نابێت.

**نموونەی تر:**
شێتبوون: شێت دەبم، شێت دەبیت، شێت دەبن.
لەدایکبوون: لەدایک دەبم، لەدایک دەبێت، لەدایک دەبن.
جێبەجێکردن: جێبەجێ دەکەم، جێبەجێ دەکەیت.

✘ (نەک: ،جێ بە جێ دەکەم، جێبەجێ دەکەم، جێبەجێدەکات، جێ بە جێ دەکات)

- **ئەمر:**

فڕێ بدە، فڕێ مەدە، فڕێ بدەن، فڕێ مەدەن.
تێک بچۆ، تێک مەچۆ، تێک بچن، تێک مەچن.
گەرم ببە، گەرم مەبە، گەرم بن، گەرم مەبن.



Scanned with CamScanner

• **ڕابردوو:**

فرێم دا، فرێت دا، فرێی دا، فرێمان داوە، فرێیان داوە.
تێک چووم، تێک چوویت، تێک چوون.
گەرم بووم، گەرم نەبووم، گەرم بوون، گەرم نەبوون.

• **ڕابردووی دوور:**

دوو وشەی کۆتایی پێکەوە دەلکێن:
تێک چووبووم، تێک چووبوویت، تێک چووبوون.
**گەرم بووبووم، گەرم بووبوویت، گەرم نەبووبووین.**

• **گەردانکردنی کاری سادە:**

کاری سادە بە هاتنی جێناو کەرت نابێت:
**خواردن:** دەمخوارد، دەیانخوارد، دەتانخوارد
✘ (نەک: دەم خوارد، دەیان خوارد، دەتان خوارد)

## وشەی دارِێژراو

وشەی دارِێژراو ئەو وشانەن کە بە یارمەتیی (پێشگر prefix)، (پاشگر suffix) یان هەردووکیان (کۆنفیکس = confix) وشەی نوێ پێک دەهێنن، وەک:
بەهێز، وردەڵە، بێبەشی

**پێشگر دوو جۆرە:**

١. **سادە:** (دا، ڕا، وەر، هەڵ، ڕۆ، ڕێ، پێ، تێ، لێ، ڤێ، ڤە و هتد).

٢. ناسادە: (پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، لێڕا، پێوە، پێک، پێک، تێک، ڕێک، وێک و هتد).

**با پێشەکی ئەم سێ چەمکانە جیا بکەینەوە:**

١. وشەی دارِێژراو (بەهێز، مشکۆڵە، نەخۆشی)

٢. چاوگی دارِێژراو (داگرتن، هەڵگرتن، دابڕین)

٣. کاری دارِێژراو (دادەگرم، هەڵدەگرین، ڕادەکەم)

**١. گەردانکردن، بە پێشگری سادە:**

(دا، ڕا، وەر، هەڵ، ڕۆ، ڕێ، پێ، تێ، لێ، ڤێ، ڤە و هتد).

### ١.١. ڕانەبردوو:

چ تێپەڕ بێت، چ تێنەپەڕ، پێکەوە دەنووسرێت:

**تێپەڕ:**

**داکردن:** دادەکەم، داناکەم، دادەکەین، داناکەین.

**تێنەپەڕ:**

**هەڵبوون:** هەڵدەبم، هەڵنابم، هەڵدەبیت، هەڵنابیت، هەڵدەبێت.

### ١.٢. ئەمر:

چ تێپەڕ بێت، چ تێنەپەڕ، پێکەوە دەنووسرێت:

**داکردن:** دابکە، دامەکە، ڕابکە، ڕامەکە.

**ڕابوون:** ڕابە، ڕامەبە، ڕابن، ڕامەبن.



Scanned with CamScanner

**١.٣. ڕابردوو:**

**تێپەڕ:** بە هاتنی جێناوی لکاو جیا دەبێتەوە:

**داکردن:** دام کرد، دام نەکرد، دامان بڕی، دامان نەبڕی.

**تێنەپەڕ: پێکەوە:**

**هەڵبوون:** هەڵبووم، هەڵبوویت، هەڵبووین. هەڵنەبووم، هەڵنەبوویت، هەڵنەبووین.

**١.٤. ڕابردووی دوور:**

**تێنەپەڕ:** هەمووی پێکەوە:

**هەڵبوون:** هەڵبووبووم، هەڵنەبووبووم، هەڵبووبووین، هەڵنەبووبووین.

**تێپەڕ: بە هاتنی جێناو جیا دەبێتەوە:**

**داکردن:** دام کردبوو، دام نەکردبوو، دامان کردبوو، داتان نەکردبوو.

**تێبینی:**

ئەکادیمیا لەم دواییانەدا پێکەوەنووسینیشی ڕێپێدراو کرد: (هەڵمکرد، هەڵتکرد، هەڵیکرد)، بەڵام ئێمە هەر بەجیا دەینووسین، چونکە هەر لە کۆنەوە باو بووە و بۆ ڕێنووسێکی یەکدەست یەک بژارە باشترە تا دوو بژارە.

**٢. گەردانکردن، بە پێشگری نادە:**

**(پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، لێڕا، پێوە، پێک، تێک، ڕێک، وێک و هتد).**

**یاسا: لە گەردانکردندا بەشی دووەم جیا دەبێتەوە.**

**٢.١. ڕانەبردوو:** بەشی دووەمی جیا دەبێتەوە:

**تێپەڕ:**

**پێکهێنان:** پێک دەهێنم، پێک ناهێنم، پێک دەهێنن، پێک ناهێنن.

**ڕێککەوتن:** ڕێک دەکەوم، ڕێک ناکەوم، ڕێک دەکەویت، ڕێک ناکەویت.



Scanned with CamScanner

**تینەپەڕ:**

**تێکچوون:** تێک دەچم، تێک ناچم، تێک دەچن، تێک ناچن.

**ڕێکبوون:** ڕێک دەبم، ڕێک نابم، ڕێک دەبیت، ڕێک نابیت.

**٢.٢. ڕابردوو:** بەشی دووەمی جیا دەبێتەوە:

**تینەپەڕ:**

**ڕێکبوون:** ڕێک بووم، ڕێک نەبووم، ڕێک بوویت، ڕێک نەبوویت.

**تێپەڕ:**

**ڕێککردن:** ڕێکم کرد، ڕێکم نەکرد، ڕێکت کرد، ڕێکیان کرد

**٢.٣. ئەمر:**

ڕێک بکە، ڕێک مەکە، پێک بهێنن، پێک مەهێنن.

**٢.٤. ڕابردووی دوور:**

ڕێکم کردبوو، ڕێکم نەکردبوو، ڕێکتان کردبوو، ڕێکیان نەکردبوو.

**تێبینی:**

دەبێت وریا بین کە کاتێک وشە ئەرکی ناو دەبینێت پێکەوە دەنووسرێت بەڵام کاتێک ئەرکی **کاری گەردانکراو** دەبینێت بەشی دووەمەکەی جیا دەبێتەوە:

ئەوان لەسەر ڕێککەوتن زۆر قسەیان کرد و ئاخری پێکەوە **ڕێک کەوتن.**

"ڕێککەوتن" ناوە، بەڵام **ڕێک کەوتن**، کاری گەردانکراوە، ڕێنووسیان دەبێت جیاواز بێت.

**ئەوان گرووپێکیان پێک هێنا.** (نەک: پێکهێنا).



Scanned with CamScanner

## ١٧

## سێ پێشگر + چاوگ

کاتێک سێ پێشگر - کە لە باری ئاساییدا تێکەڵێکن لە پێشگری بێواتا و وشەی واتادار - لەگەڵ چاوگێکدا دێن، بۆ ئەوەی وشەکان زۆر درێژ نەبنەوە، دوو پێشگرەکەی بەجیا دەنووسین و سێیەم پێشگر دەلکێنین بە چاوگەکەوە (چ پێشگرەکە بێواتا بێت، چ وشەیەک بێت):

**چاوگ:** پێ لێ هەڵبڕین، دەست لێ هەڵگرتن، خۆ تێ هەڵقورتاندن.

**گەردان:** پێم **لێ** هەڵبڕی، پێی **لێ** هەڵمەبڕە، پێی **لێ** هەڵدەبڕن.
دەستی **لێ** هەڵگرە، دەستی **لێ** هەڵمەگرە.



## ١٨

## ئامرازی (پێ، تێ، لێ)

ئامرازی (پێ، تێ، لێ) بەجیا دەنووسرێن.

(بە ئەو) بڵێ = (بەو) بڵێ = (پێی) بڵێ.

(بە ئەو) کورت بووەتەوە و بووە بە (بەو)، ئەویش کورت بووەتەوە و بووە بە (پێی).

(بە ئەو) = (بەو) = (پێی)

کەوا بێت (پێی)، (پێ) لەڕاستیدا سەربەخۆیە و کورتکراوەیە.

(تێ) و (لێ)ش هەر بە هەمان شێوەن، هەر بۆیە بە شێوەی سەربەخۆ دەیاننووسین:

✓ پارەم پێ نەما. (پارە بە من نەما.)

✗ (نەک: پارەم پێنەما.)

✓ دەستی تێ خست. (دەستی خستە ناو ئەوە. دەستی خستە ناوی.)

✗ (نەک: دەستی تێخست.)

✓ دەستی لێ دا. (دەستی لە ئەو دا. دەستی لەو دا.)

✗ (نەک: دەستی لێدا.)

ئەمانە کە ئامرازی (پێ، تێ، لێ)یان تێدایە، وا گەردان دەکرێن:

(دەستتێوەردان): دەستی تێ وەردە، دەستی تێ وەردا.

(دانپێدانان): دانی پێدا دەنێت، دانی پێدا نا.

(سەرلێشێواندن): سەری لێ دەشێوێنێت. سەری لێ شێواند.

**کاتێک جێناوی لکاو دێت، جیا دەبنەوە:**

پێم گوت، پێم وت. (نەک: پێمگوت، پێموت.)

لێمان سەند. (نەک: لێمانسەند.)



Scanned with CamScanner

## ١٩

## وشەی نافەرهەنگی

تێکڕا، وشەی لێکدراو و داڕێژراو، کە بوون بە وشەی فەرهەنگی، هەموو کەرتەکانیان پێکەوە بنووسرێن، دەستەواژەی هاوەڵکاری و هاوەڵناوی کە هێشتا نەبوونەتە وشەی فەرهەنگی، کەرتەکانیان بەجیا و لێک نزیک بنووسرێن (نیومەودا semi-space):

(**چنگ‌لەسەرشان**)، چونکە ئەگەر بنووسین (چنگلەسەرشان، چنگ لەسەر شان) هەست بە ناتەواوی یان ناقۆڵایی دەکرێت، بۆیە بەجیا و لێک نزیک (بە نیومەودا) دەینووسین: (**چنگ‌لەسەرشان**)

## ٢٠

## نیشانەکانی بەردەوامبوون و ئەمر و نەرێکردن

**ئەم فۆنیم و نیشانانە دەلکێن بە وشەکانەوە:**

دەڕۆیشت، نەدەڕۆیشت.

هەڵبگرە، هەڵنەگری، هەڵنەفڕی، دامەخە



Scanned with CamScanner

## ٢١

## (نە)ی ڕەتکردنەوە

**(نە)ی ڕەتکردنەوە بەجیا دەنووسرێت:**

نە دێم نە دەڕۆم.

نە ئێوە نە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت.

## ٢٢

## کێشەی (د)

**(د)ی سەرەکیی ئەو وشانەی بە (د) کۆتاییان هاتووە، لە کاتی هاتنی "دا" کە پاشگرە نابێت بقرتێنرێت:**

لە بن بەرددا (نەک: بەردا)

لەناو هەرددا (نەک: هەردا)

لە هەندێک ناوچەدا دەنگی (د) بە شێوەیەکی نزیک لە (و) بێژە دەکرێت، ئەوە تەنیا بێژەکردنێکی ناوچەییيە و لە زمانی ئەدەبیدا بێگومان دەنگی (د) ڕێک وەک خۆی دەبێت بێژە بکرێت.

ئەحمەد (نەک: ئەحمەو)

قادر (نەک: قایر)



Scanned with CamScanner

## (پێشبەند preposition)

پێشبەند دوو جۆرە: (سادە و لێکدراو)، نالکێنرێن بە وشەی پێش و پاش خۆیانەوە:

**پێشبەندی سادە:**

ئەو بە فڕۆکە سەفەر دەکات بۆ کوردستان.

تۆ لە کوێ ئەوت بینی؟

**پێشبەندی لێکدراو:**

پێنووسەکە لەسەر مێزەکەیە.

کتێبەکە لەژێر ڕۆژنامەکەیە.

منداڵەکە لەتەنیشت دارەکە وەستاوە.

تارا لەپاڵ دیوارەکە چاوەڕێ دەکات.

کۆرپەکە لەناو بێشکەکەیە.

ڤیان لەگەڵ ئەوین چوو بۆ خوێندنگە.

**ڕوونکردنەوە:**

پێشبەندی لێکدراو لە دوو بەش پێک هاتووە، هیچ کامیان بەتەنیایی ناتوانن لەو دۆخەدا ئەرکی پێشبەندەکە تەواو بکەن، بۆیە پێویستیان بە یەکترە، بۆ تەواوکردنی ئەرکی پێشبەندەکە.



Scanned with CamScanner

## (پاشبەند)

پاشبەند کە جاروبار (پاشگر)یشیان پێ وتراوە، هەر ئامرازن وەک (ە، ەوە، دا، ێ، ڕا) و دەلکێنرێن بەدوای وشەوە، هەر بۆیە (پاشبەندی لکاو)یشیان پێ دەوترێت، وەک:

لێرەدا.

دەچمـە سلێمانی.

لە کەرکووکـــەوە هاتووم.

ئەو لە خۆشیـــدا نازانێت چی بکات.

لە ماڵدا ئەوم بینی. (نەک: لە ماڵ دا ئەوم بینی.)

ئەو لە ماڵدایە. (نەک: ئەو لە ماڵ دایە.)

لە ئامێدیڕا بە پێیان هات.

لە چوارچراوە هاتوون.

بە ماڵەوە ڕۆیشتووین.

**(دەوربەند، لابەند circumposition):**

ئەگەر تێبینیی ئەو پاشبەندانەی سەرەوەتان کردبێت دەبینن لە پێش ناوەکانەوە پێشبەندی (لە) نووسراوە. وەک:

**لە ماڵدا**

**لە کەرکووکەوە**

هەر کاتێک پێشبەندێک و پاشبەندێک پێکەوە بکەونە ئەملا و ئەولای وشەیەکەوە، ئەوە پێی دەوترێت: (دەوربەند، لابەند circumposition).

لەم دۆخانەدا پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسرێن و پاشبەندەکان دەلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە، وەکوو:

**لە کوردستانـــدا**



Scanned with CamScanner

لە کرماشانەوە

لە کوێوە

لە تارانێ

لە کوێرا

بە ئاسمانەوە

**تێبینی:**

جاران بەم پاشبەندانە دەوترا "پاشگر" ئێستە پێیان دەوترێت "پاشبەند". ئەگەر لە شوێنێکدا وشەی پاشگرتان بینی، پێتان سەیر نەبێت.



## (ئامرازی لێکدەر)

**ئامرازی لێکدەر بەجیا دەنووسرێن:**

| ✓ | ✗ |
|---|---|
| تێکۆشە تا خوێنت گەرمە. | (نەک: تێکۆشە تاخوێنت گەرمە.) |
| یا بڕۆ یا دانیشە. | (نەک: یابڕۆ یادانیشە.) |
| من و تۆ | (نەک: منوتۆ، منوتۆ) |
| کاروان و گۆران هاتن. | (نەک: کاروانو گۆران هاتن.) |

(و) وەک ئامرازی لێکدەر، نرخی وشەیەکی سەربەخۆی هەیە و بەرانبەرە بە (و and)، نابێت هیچ کاتێک بلکێنرێت بە وشەی پێش خۆیەوە:

✓ ئەستێرە و مانگ

✗ (نەک: ئەستێرەو مانگ)

✓ شار و لادێ

✗ (نەک: شارو لادێ)

**تێبینی:**

هەر کاتێک (و) ئەرکی ئامرازی ناوبەند ببینێت واتە ئەگەر دوو وشە بکاتە وشەیەکی لێکدراوەوە، ئەو کاتە دەلکێت بە وشەکانەوە:

هاتوچۆ، هێلکەوڕۆن، دەموچاو.



Scanned with CamScanner

## ٢٦

## کێشەی "بێ"، "بێ" و "بەبێ"

هەر کاتێک خاوەندارێتی لە وشەکە بسێنرێتەوە پێکەوە دەنووسرێت:
کوڕێکی بێکەس (نەک: کوڕێکی بێ کەس)
بێخانوو، بێباوک، بێپارە (نەک: بێ خانوو، بێ باوک، بێ پارە).
بێتۆیی دەمکوژێت.

بەبێ without
بەبێ تۆ ناچم. = بێ تۆ ناچم.
بەبێ ئازادی ژیان ئەستەمە. = بێ ئازادی ژیان ئەستەمە.

بێکەس چەند ساڵ بەبێ کەس لەم شارەدا ژیا.

## ٢٧

## هاوەڵکاری چۆنیەتی

**(هاوەڵکاری چۆنیەتی) پێکەوە دەنووسرێت:**
بەهێواشی، بەئەسپایی، بەپەلە (نەک: بە هێواشی، بە ئەسپایی)

ئەو بەجوانی دەدوێت.
"بە" پێشگرە، "بەجوانی" هاوەڵکاری چۆنیەتییە. پێشگر و وشەکە پێکەوە دەنووسرێن: بەجوانی.
سارا بەهێواشی دەنووسێت.
چۆن دەنووسێت؟ - بەهێواشی (هێواش).
(بەنەرمی softly)



Scanned with CamScanner

## ٢٨

## ئامرازی (تر، ترین) و وشەی (تر = دیکە)

**ئامرازی پلەی بەراورد و پلەی باڵا (تر، ترین) دەلکێن بە وشەی پێش خۆیانەوە:**

جوان، جوانتر، جوانترین

**بەڵام وشەی (تر = دیکە) ئامراز نییە و وشەیەکە، بەجیا دەنووسرێت:**

ڕۆژێکی تر (ڕۆژێکی دیکە)

کەسێکی تر (کەسێکی دیکە)

## ٢٩

## ئامرازی (ش)

**ئامرازی (ش) وشە کەرت ناکات:**

بشتەوێ ناتدەمێ.

نەشخۆیت

نەشهات، نەشمانگرت، بشمانبەن.

## وشەی بێگانە

وشەی بێگانە ئەگەر زۆر تایبەتی بوو، بە ڕێنووسی زمانەکەی خۆیەوە دەخرێتە ناو کەوانەوە، نموونە:

لە زمانی کوردیدا بە (فتحە، ضمە و کسرە) دەوترێت: سەرە، بۆرە و ژێرە.

ئەگینا لە باری ئاساییدا هەر وشەیەکی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی دەنووسین:

ئەڵڵا، قەڵەم، سورەیا، ڤیکتۆر، بەغداد.

### سوان

هەر لە کۆنەوە هەندێک دەنگ لە زمانی کوردیدا سواون، وەک (ئـ)، گوڵئاو، بووە بە گوڵاو،

ئینشائەڵڵا، بووە بە ئینشاڵڵا.

گوڵئەندام بووە بە گوڵەندام:

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت
عیلاجێ! چارەیێ! ڕوحمێ! ئەمان دەستم بە دامانت
"وەفایی"

### نیشانەی (تشدید)ی عەرەبی

(تشدید)ی عەرەبی بە دووپاتبوونەوە دەنووسرێت:

(موحەممەد، نەججاڕ، بەننا).

تەنانەت هەندێک جار ئەوەش لای هەندێ کەس سوانیان بەسەردا هاتووە و بوون بە: (محەمەد، نەجاڕ، بەنا).



Scanned with CamScanner

## کێشەی (دە، ئە)

هەم لە کرمـانجی و هەم لە ئەدەبیـات و وێژەی کۆنی کوردیی ناوەڕاستدا هەمیشە "دە" بەکار هێنراوە:

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم
من بـە برسی قـەت مەزانە غەم دەخۆم
"نالی"

باشترە لە زمانی ئەدەبیدا شێوەی کۆنی "دە" بپارێزین.

لە کوردیی باشووریدا (دە، ئە) هەر بەکار ناهێنرێن:

نان خوەم. (نان دەخۆم)
من چم ئەڕای کرماشان. (من دەچم بۆ کرماشان.)
من چیام ئەڕای خانەقین. (من دەچووم بۆ خانەقین.)
ئەو هەمیشە هاتیات ئەڕای ماڵمان.
(ئەو هەمیشە دەهات بۆ ماڵمان.)



Scanned with CamScanner

## ٣٢

## (نیومەودا semi-space)

زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوییە، پڕە لە **وشەی سادە** (**باران**)، **داڕێژراو بە پێشگر** (**دا**هێنان، **بە**هێز)، بە **پاشگر** (خواردن**ەوە**)، بە **پێشگر** و **پاشگرەوە** (**نە**خۆش**ی**) بە **پێشبەند** (**لە** کوردستان) و بە **پاشبەند** (لێرە**دا**)، یان گەردان دەکرێن (هە**ڵم** گرت، دەستم **لێ** دا). ڕێنووسی هەموو ئەمانە هەر لە کۆنەوە دیاری کراون، یاسای خۆیان هەیە، یان دەلکێنرێن بە یەکترەوە یان بەجیا دەنووسرێن.

لەبەر ئەوەی کە یاسا و ڕێسای ڕێنووسی زمانی کوردی تێک نەچێت بۆ نووسینی ئەمانە هەتا بکرێت کەڵک لە **نیومەودا** وەرناگرین مەگەر دۆخێکی تایبەتی کە نووسینەکە نەشیاو بێت، یان تەوزیمێکی جیهانی، بۆ نموونە:

(**پی‌دی‌ئێف** PDF) چونکە (سەروشە)ی سێ پیتن ( **Portable Document Format** (PDF))، هەر چەند ئەگەریش بنووسرێت (پیدیئێف) هیچ کێشەیەک ساز ناکات.

## ٣٣

## کێشەی گۆڕانی (وو) بۆ (ۆ)

نموونەی وەک (خانۆکەم کڕی، جوانۆکەم ئاو دا.) لادانێکی گەورەیە لە ڕێنووس و تێکدانی وشەی پێکهاتەی وشەی سەرەکییە، هەر دەبێت بنووسرێت:

خانووەکەم کڕی. (نەک: خانۆکەم کڕی.)

جوانووەکەم ئاو دا. (نەک: جوانۆکەم ئاو دا.)

## ٣٤

## (یەک، ییێک)

**بۆ نووسینی "ییێک" پاش بزوێن باشترە کەڵک لە "یەک" وەربگرین، چونکە ئاسانترە لە دوو پیتی (یێ)، هەروەها کەمتر (ی) دووپات دەبێتەوە:**

**گرمەیەک** (نەک: گرمەییێک).

**شنۆییەک** (نەک: شنۆییییێک).

**مەهابادییەک** (نەک: مەهابادییێک).



Scanned with CamScanner

## کێشەی جێناوی لکاوی تاک و کۆ

**لە کاتی نووسینی جێناوی لکاودا نابێت پیتی (ی) لەبیر بکرێت. بۆ ئەوە گرنگە مرۆڤ ئاگاداری خشتەی جێناوە لکاوەکان بێت:**

| کۆمەڵە | | تاک | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵەی ١ | قەد + | م/ ت/ی | مان/تان/یان | ڕابردووی تێپەڕ |
| کۆمەڵەی ٢ | قەد + | م/ یت/ - | ین/ن/ن | ڕابردووی تێنەپەڕ |
| کۆمەڵەی ٣ | دە+ڕەگ + | م/ یت/ات، ێت | ین/ن/ن | ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ |
| کۆمەڵەی ٤ | ب+ڕەگ+ | - /ە/ - | - /ن/ - | داخوازی |

**نموونە:**

**کاری تێپەڕ:** کۆمەڵەی یەکەم: (م، ت، ی - مان، تان، یان)

کڕین: قەد (کڕیـ) + جێناو

تاک: کڕیم، کڕیت، کڕیی (نەک: کڕی)

کۆ: کڕیمان، کڕیتان، کڕییان (نەک: کڕیان)

**کاری تێنەپەڕ:** کۆمەڵەی دووەم: (م، یت، x - ین، ن، ن)

فڕین: قەد (فڕیـ) + جێناو

تاک: فڕیم، فڕییت، فڕی

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین

کەوا بێت، کاتێک وشەی پێش لە جێناو، بە "ی" کۆتایی هاتبێت، نابێت "ی"ی جێناو لەبیر بکرێت، نموونەی تر:

چیم وت؟ چیت وت؟ چیی وت؟

چیمان وت؟ چیتان وت؟ چییان وت؟

## ٣٦

## کێشەی تێکەڵکردنی (ڤ)، (ف)، (و)

لە زمانی کوردیدا پیتی (ڤ = V)مان هەیە، دەبێت ئەو ناوانەی لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا (V)یان تێدایە وەک خۆی بە (ڤ) بیاننووسین:

**ڤیکتۆر هۆگۆ** (نەک: فیکتور هۆگۆ، ویکتۆر هۆگۆ)

**ڤیدیۆ** (نەک: ویدیۆ)

**ڤۆڵڤۆ** (نەک: ولو)

**ئەرشیڤ، ئارشیڤ** (نەک: ئەرشیف، ئارشیو)

**ئێڤا** (نەک: ئێوا).

**با لەژێر کاریگەریی زمانی ترەوە بێینە دەرەوە:**

بانک (نەک: بانق)، گوستاڤ (نەک: غوستاف)، مارگاریتا (نەک: مارغاریتا)، گابریەل گارسیا (نەک: غابرییل غارسیا)، گاندی (نەک: غاندی).

## ٣٧

## ڕۆژانی هەفتە، دارمیوەکان و هتد

**ڕۆژانی هەفتە لێکدراون و پێکەوە دەنووسرێن:**

یەکشەممە (نەک: یەک شەممە): شەممە، یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە، هەینی.

**دارمیوەکان:**

**دارمیوەکان ئەگەر ئامرازی دانەپاڵ لەنێوانیاندا نەبێت، لێکدراون و پێکەوە دەنووسرێن:**

داری هەنار، بەڵام دارهەنار (نەک: دار هەنار)، دارمۆز (نەک: دار مۆز)، دارگوێز (نەک: دار گوێز)، دارمێو (نەک: دار مێو)

**(بە پێی) و (بەپێی):**

بەجیا: **بە پێی خۆی چوو بۆ لای دوکتۆر.**

پێکەوە: **بەپێی** بڕیارەکە جێبەجێی بکە. (بەپێی = طبق)

## ناوبەندی (و)

**هەمووان:** هەمووان: هەموان: هەمووان.

لە وشەی (هەمووان)دا بزوێنی (ا) کار دەکاتە سەر بزوێنی درێژی (وو û) و کورتی دەکاتەوە و دەیکاتە بزوێنی کورتی (و u) و دەبێتە (هەموان)، چونکە دوو بزوێن پێکەوە نانووسرێن، ناوبەندی (و) دەخەینە نێوانیان و دەبێتە: هەمووان (hemuwan). کەچی خەڵک پێیان وایە ئەمەیە (هەمووان hemûan).

کەوا بێت لە وشەی (هەمووان)دا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەهاتوون.

هەروەها وشەکانی تری وەک هاتووان، ڕۆیشتووان، کەوتووە، بەستووە بە هەمان شێوەن، واتە پێک هاتوون لە (ووا uwa).

**ناوبەندی درێژ (وو) یان کورت (و)؟**

هەندێک وشەی لێکدراو بە ناوبەندی وەک (و) پێکەوە دەلکێنرێن، وەک:

(هێلکەوڕون، مشتومڕ، هاتوچۆ، دەستوبرد). کاتێک کە ناوبەندەکە پاش بزوێن بێت دەنگەکەی کورتە و کاتێکیش پاش نەبزوێن بێت دەنگەکەی درێژە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناوبەندمان هەر بە یەک (و) دیاری کردووە، هەر بە یەک (و) دەیاننووسین: (هاتوچۆ) پێویست ناکات لە دۆخی لێکدراودا بنووسین (هاتووچۆ) هەرچەندە کە نووسینیشی بە هیچ شێوەیەک هەڵە نییە.

**(وا، وەها)**

(وا) مامەڵەی وشەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت:

پێم وا نییە، پێم وا بوو، وا نەبوو، وا دیارە.

لە دۆخی ڕانەبردوودا، چونکە "ە" بەتەنیا نانووسرێت، بە ناوبەندی (یـ) دێنە تەنیشت یەکترەوە: وایە



Scanned with CamScanner

## کێشەی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە

وەک پێشتریش لە بەشی ناوی لێکدراودا ڕوون کراوەتەوە وشەی لێکدراو کە بە ناوبەندی "ە" پێکەوە لێک دەدرێن، پێکەوە دەنووسرێن، وەک:

گوڵەگەنم، مانگەشەو.

بەڵام نابێت ئەو بزوێنی (ە)یە لەگەڵ بزوێنی (ە)ی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە تێکەڵ بکرێت.

"ە"ی نووسینی ناو بە هاوەڵناوەوە دەلکێتە کۆتاییی وشەی یەکەم، بەڵام بۆشاییی دەبێت لەگەڵ وشەی دووەمەوە، نموونە:

شەوە گەرمەکە (نەک شەوەگەرمەکە).

بەفرە زۆرەکە، (نەک بەفرەزۆرەکە)

کچە جوانەکە، (نەک کچەجوانەکە)

منداڵە بزێوە جوانە چاوشینەکە

(نەک منداڵەبزێوەجوانەچاوشینەکە).

چونکە هاوەڵناوەکان لەگەڵ وشەکەدا وەک وشەی لێکدراو هەژمار ناکرێن، بەڵکوو پێناسەی وشەکە دەکەن و ئەگەر پێکەوە بنووسرێن دەتوانێت زۆر دوورودرێژ ببێتەوە.



Scanned with CamScanner

## دۆزینەوەی ڕەگی کار

بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار، هەر "کار"ێکمان هەبێت، بۆ نموونە لە دۆخی چاوگدا، دەیکەینە دۆخی ڕانەبردووی یەکەم کەسی سادە:

**نموونە:** "خواردن"، دەکەینە دۆخی ڕانەبردووی یەکەم کەسی سادە، واتە: (خواردن) دەکەینە (دەخۆم). دە + خۆ + م = دەخۆم.

پاشان ئەگەر "دە" ... "م" لابەرین، ئەوە ڕەگی کار دەمێنێتەوە: "خۆ".

کەوا بێت ڕەگی کاری "خواردن" دەبێتە: "خۆ".

لەم خشتانەی خوارەوەدا دەبینن کە "قەد" (ڕەگی ڕابردووی نزیک) و "ڕەگی کار" (ڕەگی ڕانەبردوو) چۆن بەدەست دێن:

**١. چاوگی ئەلفی"ان"**

| ان | قەد | ڕەگ |
|---|---|---|
| تێپەڕ: چاوگ - ان = ڕەگ | | |
| کێشان | کێشا | دە کێش م |
| هێنان | هێنا | دە هێن م |
| کێڵان | کێڵا | دە کێڵ م |
| تێنەپەڕ: (ا)ی قەد دەگۆڕین بۆ (ێ) | | |
| سووتان | سووتا | دە سووتێ م |
| برژان | برژا | دە برژێ م |
| خنکان | خنکا | دە خنکێ م |
| زان | زا | دە زێ م |
| دڕان | دڕا | دە دڕێ م |
| نان | نا | دە نێ م |
| ئاوارتە: | | |
| مان | ما | دە مێن م |
| شیان | شیا | دە شێ م |
| ژیان | ژیا | دە ژی م |
| گریان | گریا | دە گری م |



Scanned with CamScanner

٢ . چاوگی تایی: "تن"

| تن | قەد | ڕەگ |
|---|---|---|
| تێنەپەڕ: چاوگ - تن = ڕەگ | | |
| کەوتن | کەوت | دە کەو م |
| خەوتن | خەوت | دە خەو م |
| سرەوتن | سرەوت | دە سرەو م |
| نیشتن | نیشت | دە نیش م |
| بزووتن | بزووت | دە بزوو م |
| تێپەڕ: | | |
| گرتن | گرت | دە گر م |
| فرۆشتن | فرۆشت | دە فرۆش م |
| لێستن | لێست | دە لێس م |
| (ا، ە) دەگۆڕین بۆ (ێ) پاشان نیشانەی چاوگ (تن، دن) لادەبەین: | | |
| ڤەشارتن | ڤەشارت | دە ڤەشێر م |
| پاڵاوتن | پاڵاوت | دە پاڵێو م |
| ئاوارتە | | |
| دیتن | دیت | دە بین م |
| وتن | وت | دە ڵێ م |
| گوتن | گوت | دە ڵێ م |
| هێشتن | هێشت | دە هێڵ م |
| هاتن | هات | د ێ م، دە هێ م |
| هاوێشتن | هاوێشت | دە هاوێ م |
| خستن | خست | دە خە م |
| ڕستن | ڕست | دە ڕێس م |
| گەستن | گەست | دە گەز م |
| پشکووتن | پشکووت | دە پشکوێ م |
| گواستن | گواست | دە گوێز م، دە گواز م |
| نووستن | نووست | دە نوو م |



Scanned with CamScanner

| | | |
|---|---|---|
| بیستن | بیست | دە بیست م / دە بیس م |
| ناشتن | ناشت | دە نێژ م |
| ڕشتن | ڕشت | دە ڕێژ م |
| خواستن | خواست | دە خواز م |
| هاژووتن | هاژووت | دە هاژۆ م |
| کرۆشتن | کرۆشت | دە کرۆژ م |
| کوشتن | کوشت | دە کوژ م |
| گەیشتن | گەیشت | دە گە م |
| ویستن | ویست | دەمـ ەوێ ت |
| شووشتن | شووشت | دە شۆ م |

٣. چاوگی دالی: "دن"

| دن | قەد | ڕەگ |
|---|---|---|
| (ا، ە)ی قەد دەکەینە (ێ) - دن = ڕەگ | | |
| ناردن | نارد | دە نێر م |
| ژماردن | ژمارد | دە ژمێر م |
| سپاردن | سپارد | دە سپێر م |
| چاندن | چاند | دە چێن م |
| برژاندن | برژاند | دە برژێن م |
| ستاندن | ستاند | دە ستێن م |
| سەندن | سەند | دە سێن م |
| چاوگ - دن = ڕەگ | | |
| شۆردن | شۆرد | دە شۆر م |
| ئاوارتە: | | |
| کردن | کرد | دە کە م |
| بردن | برد | دە بە م |
| خواردن | خوارد | دە خۆ م |
| داڕێژراو: | | |
| لێبووردن | لێبوورد | لێبوور |



Scanned with CamScanner

٤ . چاوگی واوی: "وون"

| وون | قەد | ڕەگ |
|---|---|---|
| تێپەڕ: چاوگ - ن = ڕەگ | | |
| دروون | دروو | دە دروو م |
| سوون | سوو | دە سوو م |
| جوون | جوو | دە جوو م |
| تێپەڕ: چاوگ - وون = ڕەگ | | |
| چوون | چوو | دە چ م |
| بوون | بوو | دە ب م |

٥ . چاوگی یائی: "ین"

| "ین" | قەد | ڕەگ |
|---|---|---|
| تێپەڕ: چاوگ - ین = ڕەگ | | |
| پرسین | پرسی | دە پرس م |
| دزین | دزی | دە دز م |
| ماڵین | ماڵی | دە ماڵ م |
| تێنەپەڕ: | | |
| فڕین | فڕی | دە فڕ م |
| بارین | باری | دە بار م |

**جێناوە لکاوەکان:**

بۆ گەردانکردنی **کار** لە دۆخە جۆربەجۆرەکاندا، پێویستە "**قەد**" و "**ڕەگ**"ی کار و "**جێناوە لکاوەکان**" بەباشی بناسین. "**جێناوە لکاوەکان**" دابەش دەبنە سەر **چوار کۆمەڵەی** جۆربەجۆرەوە کە بریتین لە:

| کۆمەڵە | | تاک | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| **کۆمەڵەی ١** | **قەد +** | م/ ت/ی | مان/تان/یان | **ڕابردووی تێپەڕ** |
| **کۆمەڵەی ٢** | **قەد +** | م/ یت/ ـ | ین/ن/ن | **ڕابردووی تێنەپەڕ** |
| **کۆمەڵەی ٣** | **دە+ڕەگ+** | م/ یت/ات، ێت | ین/ن/ن | **ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ** |
| **کۆمەڵەی ٤** | **ب+ڕەگ+** | ـ / ە/ ـ | ـ / ن/ ـ | **داخوازی** |



Scanned with CamScanner

## وەڵامی پرسیاری فێرخوازان

| ژمارە | بەم جۆرە: ✓ | نە بەم جۆرە: ✗ |
|---|---|---|
| 1. | خۆراوا | خۆرئاوا |
| 2. | دەست خۆش! | دەستخۆش! |
| 3. | مەحوی | مەحویی |
| 4. | هەردووکمان | هەر دووکمان |
| 5. | بەسەر چاو | بەسەرچاو |
| 6. | پێم وایە، پێم وا نییە، پێم وا بوو. | پێموایە |
| 7. | بەرانبەر | بەرامبەر |
| 8. | وا دەزانم، وام زانی | وادەزانم، وامزانی |
| 9. | شەو شاد! | شەوشاد! |
| 10. | کشتوکاڵ | کشت و کاڵ |
| 11. | چوونەژوورەوە (ورود) | چوونە ژوورەوە (ورود) |
| 12. | ئەوان چوونە ژوورەوە. | ئەوان چوونەژوورەوە. |
| 13. | لە ماڵدایە | لە ماڵ دایە |
| 14. | لانی کەم، لانی زۆر | لانیکەم، لانیزۆر |
| 15. | مشتومڕ | مشت و مڕ |
| 16. | دام نا، هەڵم گرت | دامنا، هەڵمگرت |
| 17. | دەخوێنرێت | دەخوێندرێت |
| 18. | جوانتر (پلەی بەراورد) | جوان تر (پلەی بەراورد) |
| 19. | پیاوێکی تر (پیاوێکی دیکە) | پیاوێکیتر (پیاوێکی دیکە) |
| 20. | لەدایکبوونت پیرۆز | لە دایکبوونت پیرۆز |
| 21. | تەمەندرێژ بیت. | تەمەن درێژ بیت. |
| 22. | ڕۆژی جیهانیی کرێکاران | ڕۆژی جیهانی کرێکاران |
| 23. | بەخێر هاتی. | بەخێرهاتی. |
| 24. | بە پێی خۆی چوو. | بەپێی خۆی چوو. |
| 25. | بەپێی بەرنامە. (طبق) | بە پێی بەرنامە. (طبق) |
| 26. | دڵناسک | دڵ ناسک |
| 27. | هاتوچۆ | هات و چۆ، هاتووچۆ |
| 28. | لەسەر مێزەکە | لە سەر مێزەکە |
| 29. | لەپاڵ دارەکە | لە پاڵ دارەکە |
| 30. | نییە | نیە، نیـیە |



Scanned with CamScanner

## بەشی دووەم:

# خاڵبەندی



Scanned with CamScanner

## پێشەکی:

خاڵبەندی ئەو نیشانانەن کە لە پێوەندیی نووسراویدا، خوێندنەوەی ڕستەکان بێهەڵە و ئاسان دەکەن، کورت و درێژی و شوێنی گت و وچان لە ڕستەدا دەستنیشان دەکەن. وا دەکەن کە ڕستەکان بە شێوەی پرسیاری، سەرسوڕمان یان دەربڕینێکی سادە هەست پێ بکرێن.

بەشێکی زۆری ڕێساکانی خاڵبەندی، نێونەتەوەیین و یاساکانیان چونیەک و گشتگیرن. بەشێکیان لە ئەلفبێیەکەوە بۆ ئەلفبێیەکی تر، بواری بەکارهێنانیان دەگۆڕدرێت. نیشانەکانی خاڵبەندی لەڕووی سینتاکس و واتاوە، دەق دابەش دەکەن.

هەر دەقێک کە خاڵبەندی تێیدا ڕەچاو نەکرابێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر سەری لێ بشێوێت و لە نووسراوەکە بەهەڵە تێ بگات. چاو لەم ڕستەیە بکەن کە چۆن بە جێگۆڕکێی بۆر "،" بەتەواوەتی واتای ڕستەکە دەگۆڕدرێت:

**بەزەیی، پێویست نییە بیگرن.**
**بەزەیی پێویست نییە، بیگرن!**

هەر بۆیە زۆر گرنگە لە خاڵبەندیدا وردبین بین. لێرە هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەرکەکانی نیشانەکانی خاڵبەندی بخەینە بەر چاو.



Scanned with CamScanner

## یەکەم:

### خاڵ (.)

خاڵ (.)، لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

١. بۆ کۆتاییپێهێنانی ئەو ڕستانەی کە وتە یان دەربڕینێک پێک دەهێنن، نموونە:

نەورۆز یەکەم مانگی کوردییە.

دوێنێ نامەکەم نووسی.

**تێبینی:**

خاڵ پاش نیشانە جیاکەرەوەکانی تری وەک نیشانەی پرسیار و نیشانەی بانگکردن دانانرێت:

نامەکەت نووسی؟ (هەڵە: نامەکەت نووسی؟.)

نامەکە بنووسە! (هەڵە: نامەکە بنووسە!.)

٢. لەدوای یەکەم، یان یەکەم و دووەم پیتی ناوێک کە پێش ناوهێنانی پاشناوەکەی بکەوێت، وەک:

ع. شەرەفکەندی

م. م. بەدرخان

٣. بۆ کورتکردنەوەی هەندێک نازناو و پیشە و ڕێکەوت، دوای یەکەم یان دووەم پیت دادەنرێت، وەک:

پێغەمبەر (د. خ.)

پ. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (پرۆفیسۆر)

د. سۆران (دوکتۆر)

مادەکان ٧٠٠ ساڵ پ. ز. (پێش زایین) سەریان هەڵدا.



Scanned with CamScanner

٤. لە کاتی کورتکردنەوەی هەندێک ناو کە لە چەند وشە پێک هاتوون:
ی. ن. ک. (یەکێتیی نووسەرانی کورد)

تێبینی: ئەگەر ئەو پیتانە کەوتنە کۆتاییی ڕستەوە، ئیتر بۆ کۆتاییپێهێنانی ڕستەکە خاڵی تر دانانرێت:

ئەو بوو بە ئەندامی ی. ن. ک.

واتە: ئەو بوو بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

٥. لەدوای سەردێڕی سەرەوەی دەقێک، تەنانەت ئەگەریش سەردێڕەکە ڕستەیەکی تەواو بێت، دانانرێت، نموونە:

**خۆر بەشێک لە گەلەستێرەیە**

خۆر ئەستێرەیەکی گەورە و مەزنە، ٨ هەسارە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت "کۆمەڵەی خۆری".

"کۆمەڵەی خۆری"، بەشێکی زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەستێرەی تر کە پێیان دەوترێت "کاکێشان" یان "گەلەستێرە". لە بۆشاییدا "گەلەستێرە" زۆر هەن. وا دەخەملێنرێت کە پتر لە ١٧٠ میلیارد "گەلەستێرە" لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.

بەڵام ئەگەر سەردێڕەکە بوو بە بەشێک لە دەقەکە ئەو کاتە لە کۆتاییی ڕستەکەدا خاڵ دادەنرێت:

خۆر بەشێک لە گەلەستێرەیە. خۆر ئەستێرەیەکی گەورە و مەزنە، ٨ هەسارە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت "کۆمەڵەی خۆری".

"کۆمەڵەی خۆری"، بەشێکی زۆر زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەستێرەی تر کە پێیان دەوترێت "کاکێشان" یان "گەلەستێرە". لە بۆشاییدا "گەلەستێرە" زۆر هەن. وا دەخەمڵێنرێت کە پتر لە ١٧٠ ملیارد "گەلەستێرە" لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.

تێبینی:

ئەگەر سەردێڕەکە لە چەند ڕستە پێک هاتبێت، ئەوا لە کۆتاییی ڕستەکاندا خاڵ دادەنرێت بەڵام لە دوارستەی سەردێڕدا خاڵ دانانرێت:

**خۆر بەشێک لە کۆمەڵەی خۆرییە. کۆمەڵەی خۆری بەشیک لە کاکێشانە**

خۆر ئەستێرەیەکی گەورە و مەزنە، ٨ هەسارە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. یەک یان چەند مانگ بە دەوری هەر کام لەم هەسارانەدا دەسووڕێنەوە. ئەمانە سەرجەم پێیان دەوترێت "کۆمەڵەی خۆری".

"کۆمەڵەی خۆری"، بەشێکی زۆر زۆر زۆر بچووکە لە کۆمەڵێک ئەستێرەی تر کە پێیان دەوترێت "کاکێشان" یان "گەلەستێرە". لە بۆشاییدا "گەلەستێرە" زۆر هەن. وا دەخەمڵێنرێت کە پتر لە ١٧٠ ملیارد "گەلەستێرە" لە "بۆشاییی بینراو"دا هەبن.



Scanned with CamScanner

٦. هەندێک جاریش لە جیاتیی نیشانەی سەرسوڕمان، لەدوای ئەو ڕستانەدا دادەنرێت کە داواکارییان تێدایە، وەکوو:

وەڵامەکانتان بەراورد بکەن.

٧. ئەمڕۆکە، کاتێک لە پرۆگرامێکی وەک "وۆرد"دا بتەوێت دێڕەکانت بە ژمارە دیاری بکەیت، خۆی خۆکار پاش ژمارەکان خاڵ دادەنێت، وەک ئەو خاڵانەی کە لەدوای ژمارەکانی خوارەوەدا دانراون:

1. مرۆڤ بۆی هەیە بیروڕای خۆی دەرببڕێت.
2. کەس بۆی نییە بیروبۆچوونی کەسێکی تر بخاتە ژێر پرسیارەوە.
3. هەمووان لە کۆمەڵگادا مافی یەکسانیان هەیە.

سەرنج: خاڵ "." دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و لەگەڵ وشەی پاش خۆیدا بۆشاییی هەبێت.

**نیشانەی خاڵ لەناو کەوان یان لە دەرەوەی کەوان؟**

هەر کاتێک نووسراوەیەک بکەوێتە ناو کەوانێکەوە، ئەگەر نووسراوەکە ڕستەیەکی تەواو بێت و کۆتاییی پێ هاتبێت، ئەوە نیشانەی خاڵیش دەکەوێتە ناو کەوانەکەوە، ئەگینا دەکەوێتە دەرەوەی کەوانەکە.

(من هاوینان بۆ هەورامان دەچم.)

٨. بۆ دەربڕینی ڕێکەوت لە کاتی بەکارهێنانی ژمارەی عەرەبی:

کۆماری کوردستان، لە ڕێکەوتی 1946.01.22 لە شاری مەهاباد ڕاگەیەنرا.



Scanned with CamScanner

دووەم:

## جووتخاڵ (:)

جووتخاڵ (:) لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

١. لە پێش ئاخاوتنێکەوە کە وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، یان بگوترێت، وەک: ئاسۆ وتی: "من خەڵکی کوردستانم."

**تێبینی:**

وەک دەبینن ئەو ڕستەیەی سەرەوە کەوتووەتە ناو جووتەکەوان "..."ەوە، چونکە ڕستەکە سەربەخۆیە و کۆتاییی پێ هێنراوە، هەر لەبەر ئەوە نیشانەی خاڵ (.) دەخرێتە ناو جووتکەوانەکەوە.

٢. دوای وشە یان باسێک کە پێویستی بە ڕاڤە و لێکدانەوە بێت، وەک: میرنشینە کوردییەکان بریتی بوون لە: ئەردەڵان، سۆران، بادینان، بابان، هەکاری و بۆتان.

٣. پێش هێنانەوەی نموونە، لە بری: (بۆ وێنە، وەکوو، بۆ نموونە ...)، لەم دۆخەدا دەتوانرێت تەقەڵێکیش دوای دووخاڵەکە دابنرێت، وەکوو: ئاسمانی ئەدەبی کوردی پڕە لە ئەستێرەی درەوشاوە:- نالی، مەحوی، گۆران، هێمن و هتد.

٤. زۆر جار لەنێوان کاتەکانی کاتژمێرێکدا هێمای جووتخاڵ بەکار دەهێنرێت، وەک:

١٢:٢٠:١٠ (کاتژمێر ١٠ و ٢٠ خولەک و ١٢ چرکە).

**تێبینی:**

چونکە نووسراوەی ناو کەوانەکەی سەرەوە ڕستەیەکی تەواو نییە، هەر لەبەر ئەوە نیشانەی خاڵ لە دەرەوەی کەوانەکە دادەنرێت.

**سەرنج:** جووتخاڵ دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە و لەگەڵ وشەی دوایدا بۆشاییی هەبێت.



Scanned with CamScanner

## سێیەم:

### بۆر (،)

بۆر (،)، نیشانەی پشوویەکی کورتە، لەو شوێنەدا دادەنرێت کە وا لە ڕستەکە بکات ئاسان بخوێنرێتەوە، ڕوون بێت و بەباشی تێ بگەیەنرێت. بۆر، چارەسەرێکی باشە بۆ ڕستەی دوورودرێژی پشووبڕ.

بۆر (،) لەم شوێنانەدا دادەنرێت:

١. لەدوای ناوی بانگکراوەوە، وەک:

کچینە، هەوڵ بدەن، بە هەوڵدان دەگەنە ئامانج.

٢. لەنێوان جێگر و جێلێگیراودا، وەک:

مەستوورەی کوردستانی، هۆنەر و مێژوونووس، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیا.

٣. لەو شوێنانەی کە ژماردن و دووپاتبوونەوەی تێدایە، وەک:

خوێ، ڕۆن، پیاز و برنج، هەموو ئەو شتانەن کە پێویستن.

٤. بۆ جیاکردنەوەی وشەی سەرسوڕمان و وشەی بانگلێکراو لە ڕستەدا، وەک:

ئۆف، چ هەوایەک!

ئاخ، کوردستانەکەم!

٥. بۆ دابڕینی زنجیرە وشەیەک لە یەکتر کە دوو دوو و پێکەوە بەکار هێنرابن، وەک:

پێشمەرگە بە برسیەتی و تینوویەتی، بە هیلاکی و ماندوویەتی، کۆڵی لێ نادات.



Scanned with CamScanner

٦. لەدوای گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر، قسەیەکی کۆنی خۆی بگێڕێتەوە، وەک:

خۆم وتم، "چێکردنی ماڵپەڕ زۆر ئەستەم نییە."

٧. لەپێش ئامرازی لێکدەری (وە، یا، یان)ەوە، بە مەرجێک نەکەوتبێتە سەرەتای ڕستەوە، وەک:

نە تۆ هاتبووی بۆ کۆبوونەوەکە، وە نە ئاراسی هاوڕێت.

یا نامەکە بنووسە، یان پەڕتووکەکە بخوێنەرەوە.

٨. لەدوای وشەی (بەڵێ، نە و نەخێر)ەوە، وەک:

بەڵێ، نامەکەم نارد.

نە، لەو کاتەدا ناتوانم بەشدار بم.

٩. لە باتیی فرمانێک بۆ ئەوەی دووپات نەبێتەوە، وەک:

من دەچم بۆ سلێمانی و ئەویش، بۆ هەولێر.

١٠. لە ڕستەی لێکدراودا، دەتوانرێت لە بری ئامرازی لێکدەری (و) بەکار بهێنرێت، وەک:

شنۆ ویستی بچێت بۆ شایی، جلی لەبەر کرد، خۆی ڕازاندەوە، تەلەفۆنی بۆ هاوڕێکانی کرد، یەکیان گرت، خۆیان گەیاندە شاییەکە.

١١. دەتوانرێت لە بری (کە)ی لێکدەر لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت، وەک:

پێم خۆشە، پێکەوە بچین بۆ سینەما.

سوپاست لێ دەکەم، سەرت لێ دام.

**سەرنج:** بۆر (،) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە و لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا بۆشاییی هەبێت.

چوارەم:

## خاڵبۆر (؛)

خاڵبۆر (؛)، بۆ وچانگرتنێکی درێژتر لە بۆری سادە، بەکار دەهێنرێت. زۆر جار، لەو ڕستانەی کە زۆر لێک نزیکن لە باتیی خاڵ دادەنرێت، وەک:

لەم ساڵانەی دواییەدا، کوردێکی زۆر پەڕیوەی هەندەران بوون؛ کوردەکان دەتوانن سوودێکی زۆر بە گەلەکەیان بگەیەنن.

پێنجەم:

## نیشانەی پرس (؟)

نیشانەی پرس، دەخرێتە کۆتاییی ئەو ڕستانەی کە پرسیاریان تێدایە، وەک:

١. پێنووسەکەت چی لێ کرد؟

٢. کەی وانەی کوردیتان هەیە؟

شەشەم:

## نیشانەی سەرسوڕمان (!)

ئەم نیشانەیە هەم بۆ سەرسوڕمانە، هەم بۆ ئەمرکردن یان داواکردنە.

١. لە کۆتاییی ئەو وشانە، یان ئەو ڕستانەی کە سەرسوڕمان، یان پەژارەیی، یان هەستێکی دەروونیی تێدایە، بەکار دەهێنرێت، وەک:

چ هەستێکی بەسۆز!

چەند دەنگت خۆشە!

ئای! ئەوە لێرەیت!

ئۆخەی! ئاڵای کورد هەڵکرا.

ئای لەو مانگە! چ جوانە!



Scanned with CamScanner

٢. هەندێک جار لە کۆتاییی ئەو ڕستانەی کە فرمانپێدان یان داواکردنیان تێدایە، بەکار دەهێنرێت، وەک:

بڕۆ دەرەوە!

دەرگاکە داخە!

بەجێم مەهێڵە!

**حەوتەم:**

## جووتەکەوانەی بچووک « »

هەندێک جار هێمای "..." لە جیاتیی جووتەکەوانەی بچووک بەکار دەهێنرێت و لەم شوێنانەدا بەکار دەهێنرێت:

١. کاتێک بمانەوێت گرنگیی تایبەتی بدەین بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، دەیخەینە ناو ئەو هێمایانەوە، وەکوو:

زانایان «زمان» بە کۆڵەکەی نەتەوە دادەنێن.

من "مێژوو" بە چرای تاریکستانی داهاتوو دەزانم.

کاتێک بتوانین «ئەلفبێ جۆربەجۆرە کوردییەکان» بکەین بە «یەک ئەلفبێ»، ئەو کاتە گەلێک لە کێشەکانمان چارەسەر دەبن.

٢. وتەیەک کە ڕاستەوخۆ دەگێڕدرێتەوە و ناشکێنرێت و دەستکاری نەکرێت، دەخرێتە ئەو ناوەوە، وەک:

پیاوە گەنجەکە وتی: "ڕاست دەکەیت، ئێمە یارمەتیت دەدەین، من ڕۆبین هوودم."

قازی موحەممەد، چاونەترس ڕووی تێ کردن: "ئێوە ئەمڕۆ قازی موحەممەدێک دەکوژن، سبەینێ لە هەر دڵۆپە خوێنێکی من، سەدان قازی موحەممەدی تر سەر هەڵدەدەن."

**سەرنج:** ئەگەر ڕستەکە بە خاڵ، بۆر، هێمای پرسیار، هێمای سەرسوڕمان و هتد کۆتاییی هات، ئەوانەش دەخرێنە ناو کەوانەکانەوە.



Scanned with CamScanner

## هەشتەم:

## جووتەکەوانەی گەورە ( )

جووتەکەوانەی گەورە بۆ چەند مەبەستێک بەکار دەهێنرێت:

١. وشەیەک، یان ڕستەیەک دەخرێتە نێوانی، کە واتایەکی تایبەتیی تری هەبێت، وەک:

پیرەمێرد (حاجی تۆفیق) لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

شاری سلێمانی (کە کەوتووەتە دامێنی چیای ئەزمەڕ) سلێمان پاشای بابان بنیادی ناوە.

٢. وشەی بێگانە، وەک:

ئاگرەدیوار (firewall) پێش بە خۆترنجێنەران دەگرێت بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت.

میری (حکومت) فرمانی کاولکردنی ناوچەکەی زوو دەرکردبوو.

بۆ نووسین بە کوردی پێویستە تەختەکلیل (keyboard)ێکی کوردی دامەزرێنیت.

٣. ساڵی دەستپێک و کۆتاییی ڕووداوێک، یان ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی کەسێک، وەک:

سنووری دەوڵەتی حەسنەوی (٩٤١ ـ ١٠١٤) کە پارە و پووڵیشیان هەڵکەندبوو، هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور بوو.

حەمە پاشا (١٧٨٣ ـ ١٨٤٦)، کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە، توانیی لە ساڵی ١٨٢٠دا سەربەخۆیی کوردستان لە ڕەواندز ڕابگەیەنێت.

**تێبینی:**

کەوان کە دادەخرێت نابێت بکلێنرێت بە وشەکەی پاشیەوە، بەڵام ئەگەر وشەکە هێشتا تەواو نەبوو، دەبێت بلکێت بە کەوانەوە، وەک:

ئەمساڵ (حج)ێکی کرد.

وشەی (file)یان لە کوردیدا کرد بە "پەڕگە".

**سەرنج:** وشەکانی ناو کەوانەکان نابێت لەگەڵ کەوانەکاندا بۆشاییان هەبێت.



Scanned with CamScanner

نۆیەم:

## هێڵ یان تەقەڵ (-)

نیشانەی تەقەڵ (-) لەم شوێنانەدا بەکار دەهێنرێت:

١. بۆ جیاکردنەوەی دوو کەسی گفتوگۆکەر، بۆ ئەوەی هێندە نەنووسرێت "وتی"، وەک:

سۆز ڕووی کردە ئاکۆ و وتی:

- ئاکۆ، گوێت لە سەربازەکانە؟
- بەڵێ، دیارە هەر بەدواماندا دەگەڕێن.
- تۆ بڵێی بماندۆزنەوە؟
- خەمت نەبێت، ناتوانن.
- ئەگەر کوژرام، دڵنیا بە لە گۆڕیشا هەر خۆشم دەوێیت.

٢. دەتوانرێت لە بری ئەو کەوانە گەورەیە بەکار بهێنرێت کە لە خاڵی یەکەمی جووتەکەوانەی گەورەدا باسمان کرد، وەک:

پیرەمێرد - حاجی تۆفیق - لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

دەتوانیت هەرچەندە میوە - جگە لە مۆز - پێت خۆشە، بخۆیت و سەرەڕای ئەوەش کێشەکەت دابەزێت.

٣. لەنێوان ژمارە و ژمێرراودا، ئەگەر کەوتە سەرەتای ڕستەوە، هەر چەند دەکرێت خاڵیش دابنرێت، وەک:

هەندێک لە مەرجەکانی بڵاوبوونەوەی بابەت بریتین لە:

١- بابەتەکە دەبێت سوودگەیەنەر بێت.

٢- ڕەچاوکردنی ڕێنووسی کوردی.

٣- ڕەچاوکردنی خاڵبەندی.

٤- سەرچاوەکان دەبێت دیاری بکرێن.

وەک وتمان دەشکرێت خاڵ دابنێین:



Scanned with CamScanner

١. بابەتەکە دەبێت سوودگەیەنەر بێت.

٢. ڕەچاوکردنی ڕێنووسی کوردی.

٣. ڕەچاوکردنی خاڵبەندی.

٤. لە کۆتاییی دێڕێکدا ئەگەر هەموو وشەکە جێی نەبووەوە و ویستت بەشێک لە وشەکە هەر لەو دێڕەدا بنووسیت، تەقەڵ دادەنێیت، وەک:

ڕێبا-..............................

زەکان...........................

هەڵبەت ئەو شتە ئێستە باوی نەماوە و کۆمپیوتەر خۆی وشەکان ڕێک دەخات و دەیباتە خوارەوە یان دەیهێڵێتەوە.

**تێبینی:**

لەم شوێنانەدا خاڵ بێ بۆشایی دەنووسرێت:

کاتی ئاوەڵابوونی شوێنێک: 12.15 (١٢.١٥).

لە هەفتەیەکدا 7.8 (٧.٨) کیلۆمەتر هەڵدێت.



Scanned with CamScanner

## دەیەم:

## سێخاڵ (...)

ئەم سێخاڵ (...)ە لە بری وشە، یان ڕستە، کە قرتێنراوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە، بەکار دەهێنرێت، وەک:

من سنە، کرماشان، مەهاباد، سلێمانی، کەرکووک و ...م بینیوە.

لە کوردستاندا نەوت، ئاسن، زێڕ، زیو، گۆگرد و ... دەست دەکەوێت.

بیستووتە ...؟

فریام کەون! فریام کەون! فر...

سەرنج:

١. ئەگەر لە نیوەی وشەکەدا "سێخاڵ" پێویست بوو ئەوە دەلکێت بە وشەکەوە ئەگینا دەبێت سەربەخۆ بنووسرێت.

٢. ژمارەی ئەو خاڵانە تەنیا سێ دانەن و نە زیاتر (...)، هەندێ کەس لە خۆڕا ئەو خاڵانە بە کەیفی خۆیان دادەنێن، ئەوە هەڵەیە و دەبێت تەنها سێ خاڵ بن. نموونە:

دروست: من تۆم خۆش دەوێت...

هەڵە: من تۆم خۆش دەوێت..

هەڵە: من تۆم خۆش دەوێت...........

بەڵام ئەگەر ڕستەیەک بنووسیت و بتەوێت خاڵ دابنێیت بۆ ئەوەی ڕێک لەسەر ئەو خاڵانە چەند وشەیەک بنووسرێن، ئەوە قەی ناکات خاڵەکان درێژ بکەیتەوە، چونکە نازانیت چەندە بۆشایی پێویستە تا جێی وشەکان بکاتەوە. نموونە:

خەڵکی گوند .................................. دەچێنن.

لەوانەیە کۆمەڵێک شت هەبن کە پێویست بن لەوێدا بنووسرێن وەک: گەنم، جۆ، گەنمەشامی، سەوزە، ئەگەر خاڵەکان درێژتر نەکەیتەوە شوێنی ئەو وشانە نابێتەوە.



Scanned with CamScanner

یازدەیەم:

## بۆشایی (space)

بە مەودای نێوان دوو وشەی سەربەخۆ دەڵێن «بۆشایی space». ئەمە زیاتر لە نووسین بە کۆمپیۆتەر و کەرەستەی نووسین زۆر گرنگە. سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

(ئاڵای شەکاوە ـ ئاڵایشەکاوە)

لە یەکەمدا بۆشایی هەیە، لە دووەمدا بۆشایی نییە. دیارە ئەوەی یەکەم ڕاستە.

یان کەسانێک هەن کە هەندێک جار لەو شوێنانەی کە پێویست بە «بۆشایی» ناکات، بۆشایی دادەنێن، وەک:

"لە گە ڵ" کە دەبێت وا بنووسرێت: "لەگەڵ".

نووسەر دەبێت بزانێت لە چ شوێنێکدا "بۆشایی" پێویستە، یان پێویست نییە، ئەگینا وشەکان واتای هەڵە دەدەنە دەستەوە و تێگەیشتنیان قورس دەبێت.

سەیری چەند نموونەیەک بکەن:

(باسکرا) دەبێت بۆشاییی هەبێت: (باس کرا).

(وامەکە) دەبێت بۆشاییی هەبێت: (وا مەکە).

(جێیهێشت) دەبێت بۆشاییی هەبێت: (جێی هێشت).

(خۆشمدەوێیت) دەبێت بۆشاییی هەبێت: (خۆشم دەوێیت).

زۆر گرنگە بۆ نووسینی وشەی کوردی کەڵک لە تەختەکلیلی کوردی وەربگرن، ئەگینا هەندێک پیتی تایبەتیی کوردیتان بۆ نانووسرێت.

**تێبینی:**

١. (و)ی پێوەندی، وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێت هەموو کاتێک لەگەڵ وشەکانی پێش و پاشیەوە بۆشاییی هەبێت:

هەڵە: کچو کوڕ، دروست: کچ و کوڕ.



Scanned with CamScanner

٢. وشەی لێکدراو دەبێت هەمیشه پێکەوە بنووسرێت:
کرێ + کار = کرێکار، نەک: کرێ کار
٣. وشەی داڕێژراو دەبێت هەمیشه پێکەوە بنووسرێت:
پێک + هێنان = پێکهێنان، نەک: پێک هێنان

| دروست | هەڵە |
|---|---|
| کرێکار و وەرزێر | کرێکارو وەرزێر |
| گڕ و تین | گڕو تین |
| خۆڵکێش | خۆڵ کێش |
| وێنەکێش | وێنه کێش |
| سکاڵانووس | سکاڵا نووس |
| لەگەڵ | له گەڵ |
| باوکمردوو | باوک مردوو |
| جێژوان | جێ ژوان |
| لێکەوتن | لێ کەوتن |
| پێدان | پێ دان |

لەم هۆنراوەیەی مامۆستا هێمندا، دەبینن که دانانی بۆشایی له (کەماڵ)دا چەندە ماناکە دەگۆڕێت:

✘ هەڵە:

کەماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟
کەماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من

- **(که) سەربەخۆیە و (که) بەشێکە لە وشەکە:**

✔ دروست:

که ماڵت بێ، کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە؟
که ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من



Scanned with CamScanner

## دوازده‌یه‌م:

## هێڵی لار(/) ، (\) پیتی (ر)، هێمای دابڕ (,)

١. بۆ نووسینی ڕێکه‌وت که‌ به‌ ژماره‌ ده‌نووسرێت، که‌ڵک له‌ هێڵی لاری (/) وه‌رده‌گرین، وه‌ک:

شاری که‌رکووک له‌ ١٠/٤/٢٠٠٣ ڕزگار کرا.

٢. بۆ نووسینی «دابه‌شکردن» له‌ناو ده‌قێکدا که‌ پیتی تێدا به‌کار هێنراوه‌، که‌ڵک له‌ هێڵی لاری (\) وه‌رده‌گرین، وه‌ک: خێرایی تیشک (٣٠٠ هه‌زار کم\چرکه‌)دایه‌.

٣. جاران له‌ناو ژماره‌دا له‌ باتیی دابڕ (,) که‌ڵک له‌ پیتی (ر) وه‌رده‌گیرا، وه‌ک:

- ٢٣ر٠
- ٤٨ر١٢

به‌ڵام ئێسته‌ ته‌نیا له‌ هێمای دابڕ (ممیز) که‌ڵک وه‌رده‌گیرێت: ٢,٣٧

### ده‌ره‌نجام

ڕه‌چاوکردنی خاڵبه‌ندی، ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ نووسه‌ر مه‌به‌سته‌که‌ی به‌باشی بگه‌یه‌نێته‌ خوێنه‌ر و خوێنه‌ریش به‌هه‌ڵه‌ له‌ مه‌به‌سته‌که‌ تێ نه‌گات.

### ژێده‌ر:


١. زمان و ئه‌ده‌بی کوردی، بۆ پۆلی شه‌شه‌می ئاماده‌یی، وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌، ساڵی ١٩٨٢.

2.Vuxen svenska, etapp 2 & 3, 1988

3. http://www.fritext.se/svmall.html

4. svenska skrivregler, 2005




Scanned with CamScanner

# بەشی سێیەم

# وەرگێڕانی باش



Scanned with CamScanner

## پێشەکی

وەرگێڕان یەکێک لە کارە هەرە سەخت و ئەستەمەکانە، چونکوو پێویستی بە لێزانی، کارامەیی و وردبینییە. ئەم کارە هێندە ئاڵۆز و هەستیارە کە ئیتالیاییەکان لە کۆنەوە وتوویانە: "ترادووتۆرێ ـ ترادیتۆرێ " (traduttore-traditore)واتە: (وەرگێڕ خایینە). دیارە ئەمە لەبەر گرنگیی ئەرکەکە وتراوە، چونکوو هەستیاریی ئەوە کاتێک دەردەکەوێت کە بە کردەوە دەست بکەیت بە وەرگێڕان لە دۆخە جۆربەجۆرەکاندا.

وەرگێڕان دوو جۆری سەرەکیی هەیە :**زاری** و **نووسراوی کە (زارەکی = شفاهی) و (نووسەکی = کتبی)**شی پێ دەوترێت. زاری خۆی دابەش دەبێتە سەر چەند شێوازێک و بە ئەستەمترین شێوازی وەرگێڕان هەژمار دەکرێت. لە ئورووپا زۆر بایەخ بە وەرگێڕانی زاری دەدرێت و ڕێسا و یاسای زۆر تایبەتی بۆ دانراوە. هیوادارین لە وتارێکی تایبەتیی تردا بتوانین لەو یاسا و ڕێسایانە بدوێین.

لەم وتارەدا، بەگشتی هەوڵ دەدەین ئاماژە بکەینە هەندێک خاڵی گشتی بۆ وەرگێڕانێکی باش.

### زمانی سەرچاوە یان زمانی مەبەست؟

وەرگێڕ هەمیشە لە شەڕێکی دەستەویەخەدایە کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک با بداتەوە بە لای "زمانی سەرچاوە" یان "زمانی مەبەست"دا .

- باشترین وەرگێڕان ئەوەیە کە هیچ وشە و مەبەستێکی زمانی سەرچاوە لەبیر نەکرێت و نەقرتێنرێت، بەڵام هاوکات لە وەرگێڕاندا ڕێزمان و پێکهاتەی زمانی مەبەست لەبەر چاو بگیرێت.
- باشترین وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕانێکی ئازاد نەبێت چونکوو لە وەرگێڕانی ئازاددا مەبەستی نووسەری زمانی سەرچاوە دەشێوێنرێت و وەرگێڕ وشەی خۆی تێکەڵ دەکات، بەڵکوو وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە بکرێت و مەبەستی ڕستەکە وەربگێڕدرێتەوە.

لە ڕستەدا نابێت کەڵک لە وەرگێڕانی وشە بە وشە وەربگیرێت، چونکە پێکهاتەی زمانەکان جیاوازن و شوێنی وشەکان، پێشبەند و پاشبەند، کار و بکەر و بەرکار و هتد لە ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.



Scanned with CamScanner

## چەند ڕێنوێنییەک بۆ وەرگێڕانێکی سەرکەوتووتر:

**١.** هەوڵ بدە بۆ زمانێک وەرگێڕان بکەیت کە لە منداڵییەوە خووت پێ گرتووە و لەگەڵی گەورە بوویت، چونکە زۆر وردەکاری هەن کە مرۆڤ هەرگیز بە گەورەیی پێی ئاشنا نابێت، بەتایبەت ئەگەر تەنیا لەڕێی کتێبخوێندنەوەوە فێری زمانێکی نوێ بووبێت و هەرگیز بە شێوەی زارەکی لەگەڵ ئاخافتەری زمانە نوێیەکە نەدوابێت.

**٢.** ئەگەر وەرگێڕانت بۆ زمانێکی بیانی کرد و هەرچەند شارەزاییشت لەو زمانەدا هەبێت، پێشنیارت پێ دەکەین بەبێ ئەملا و ئەولا، وەرگێڕانەکەت پێش لە بڵاوبوونەوە بدەیتە کەسێکی شارەزا کە بەو زمانە فرچکی گرتووە و پێی گەورە بووە، تا پێداچوونەوەیەک لەسەر وەرگێڕانەکەت بکات.

**٣.** جاری وایە کەسێک زمانێک دەزانێت و هەر لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات دەست بکات بە وەرگێڕان بۆ ئەو زمانە یان بەپێچەوانەکەی، بەڵام جاری وایە دوو وشە کە ڕواڵەتیان وەکوو یەکن بەڵام واتایان جیاوازە زۆر جار دەتوانن کێشەساز بن، بۆ نموونە وشەی (انقلاب) و (کودتا):

لە عەرەبیدا (**انقلاب** = **coup**).
لە فارسیدا (**انقلاب** = **revolution**).
لە عەرەبیدا (**الثورة** = **revolution**).
لە فارسیدا (**کودتا** = **coup**).

واتە ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن (انقلاب)، عەرەب پێی دەڵێت (الثورة) و ئەوەی فارس پێی دەڵێت (کودتا) عەرەب پێی دەڵێت (انقلاب). کەوا بێت بێگومان تێگەیشتنی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی و باشووری لەو بارەدا جیاوازە، لە وەرگێڕاندا دەبێت وەرگێڕ فریوی وشەکە نەخوات، بەڵکوو دەبێت دڵنیا بێت بزانێت باش لە مەبەستەکە تێ گەیشتووە یان نە.

دەیان وشەی وا هەن کە لە دوو زماندا بەکار دەهێنرێن، بەڕواڵەت لە یەک دەچن، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە وشەی (ماما، منزل،

دریا، محصل، سرباز، ریزش و ...) لە هەر دوو زمانی فارسی و دەریدا هەن، واتایان جیاوازە تەنیا شێوەیان لە یەک دەچێت و واتایان تەواو دوورە لە یەکتر (ماما = دایی، منزل = طبقە، دریا = رود، محصل = دانشجو، سرباز = دلیر، ریزش = سرماخوردگی).

**١.** وشەی **(قۆز)** لە باشوور واتە جوان، جوانخاس، بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەمان وشەی "قۆز" لە ڕۆژهەڵات بە کەسێک دەوترێت کە لەخۆبایی و فیسزل بێت.

**٢.** وتەی **(غەڵەتی کرد.)** لە باشووردا واتە **(هەڵەی کرد.)**، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو وتەیە زۆر قورسە و جۆرێکە لە جنێودان.

**٣.** وشەی **(لاق)** لە ناوچەی مووکریاندا واتە "پێ، قاچ" و دەکرێت بۆ مرۆڤ بەکار بهێنرێت، بەڵام لەلای خوارووی کوردستاندا، وشەی "لاق" تەنیا بۆ ئاژەڵ بەکار دەهێنرێت و قەت ناکرێت بە مرۆڤێ بڵێیت "لاقت چۆنە؟"، چونکوو ئەگەر ئەوە بە کەسێک بڵێیت وەکوو ئەوەیە ئەو کەسە بە ئاژەڵ بناسیت.

**٤.** وشەی **(ئەرێ)** لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر ئاساییە و هەموو کەسێک بەکاری دەهێنێت، کەچی لە زۆر ناوچەی باشووردا وەکوو سلێمانی، ئەوە وشەیەکی نامۆیە و خەڵک ئەوە بەکار ناهێنت و لە باتیی ئەوە دەڵێت: "بەڵێ، ئا."

**٥.** وشەی **(خاڵ)** لە هەندێک ناوچەی کوردنشیندا واتە "برای دایک، خاڵۆ"، کەچی لە هەندێک شوێنی تردا واتە: "نیشانە، نوختە."

**٦.** وشەی **(لووس)** لە هەندێک ناوچەی کوردنشیندا واتە: (ساف، بێگەرد)، کەچی هەمان وشە لە ناوچەی تری کوردەواری بەکار ناچێت و زیاتر وەبیرخەرەوەی وشەی فارسیی "لوس"ە واتە: "بێتام، کەسێ کە خۆی سووک دەکات."

**٧.** وشەی **(کەرەنتوو)** ئامێرێکی درەوکردنی سادەیە، لە ناوچەی موکریاندا بەکار ناهێنرێت و خەڵک هەر ئەو وشەیە ناناسن و لە باتیی ئەوە وشە تورکییەکەی بۆ بەکار دەهێنن: "مەلەغان".



Scanned with CamScanner

٨. دەستەواژەی (لە دەورت گەڕێم.) لە ناوچەیەکی تردا پێی دەوترێت: "بە قوربانت بم."

٩. لە ناوچەی هەولێر پیتی "ڵ" دەبێت بە "ر" و زۆربەی ئەو وشانەی کە لە ناوچەکانی تردا "ڵ"یان تێدایە دەبن بە "ر": (ماڵ = مار، دووکەڵ = دووکەر).

١٠. (کەوە = شین) لە زۆر شوێنی کوردستاندا بە (سواربوونی بۆ نموونە تاکسی) دەوترێت (سەرکەوتن)، وەک: (خێرا کە، سەر کەوە.)، لەلای خوارووی کوردستان (کەوە = شین)، ڕەنگە لەوێ کەسێک وا تێ بگات کە: (خێرا کە، سەرشین).

١١. لە هەندێک ناوچەدا وشەی "خوا" واتە "خوێ"، کەچی لە شوێنی تردا واتە "خودا."

هەر بۆیە گرنگە مرۆڤ زۆر زۆر وریا بێت و شارەزاییی تەواوی لەسەر زمانەکەی هەبێت و بزانێت وشەکان بۆ چ مەبەستێک بەکار هاتوون و واتایان چییە. لەڕاستیدا، مرۆڤی خوێندەواری کورد، دەبێت خۆی فێری زمانی پێوەری کوردی بکات تا بتوانێت خۆی لە زمانێکی هاوبەش کە پێی دەوترێت (زمانی پێوەر) نزیک بکاتەوە.

**٤.** متمانەت هەمیشە بە یەک وشەنامەی دووزمانە نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە لە زمانەکەماندا هەن، چونکە لەوانەیە زۆر واتای تایبەتی و پسپۆڕیی وشەکانیان پشتگوێ خستبێت. هەوڵ بدە بۆ دڵنیابوون لە واتای وشەیەکی پسپۆڕی چاو لە کۆمەڵێک وشەنامەی جۆربەجۆر بکەیت.

**٥.** بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەیەکی دژوار، باشترین شت ئەوەیە کە هەوڵ بدەیت لە وشەنامەی یەکزمانە بکۆڵیتەوە کە واتای وشەکانی تێدا شی کراوەتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە ئەو واتایەی کە لە وشەنامەیەکی تایبەتیدا نووسراوە بەڕاستی هەمان مەبەستی پێکاوە یان نا.



Scanned with CamScanner

**٦.** لەم سەردەمەدا، کۆمەڵێک وشەنامەی پسپۆڕیی بوارە جۆربەجۆرەکان وەکوو ئایتی، فیزیا، کیمیا، گیانەوەرزانی، پزیشکی، ڕاگەیاندن و هتد هاتوونەتە ئاراوە، زۆر لەو وشانە لە فەرهەنگە گشتییەکاندا نین و پێویستە تا ئەو کاتەی کە فەرهەنگنووسەکانمان بەوانە وەکوو مڵکی زمانی کوردی چاو لێ دەکەن و دەیانخەنە ناو وشەنامەکانیانەوە، وەرگێڕەکانمان ئاگاداری ئەوانە بن و هەوڵ بدەن کەڵک لەو فەرهەنگە پسپۆڕییانە وەربگرن. بۆ نموونە:

(**ماڵپەڕ، دڵخواز، پەڕگە، نووسە، دراوە، نەرمەواڵە، ڕەقەواڵە، ڕاژەخواز، وێنۆچکە، ئالوول، خۆکار، خۆپاتە، پاشبنەما و هتد**) لەم سەردەمەدا ئیتر بەشێکن لە خەرمانی وشەی کوردی و دەبێت وەرگێڕەکانمان ئاگاداریان بن.

**٧.** لەم سەردەمەدا، بەهۆی تەکنیک و پێشکەوتنەوە، کۆمەڵێک مەکۆ و سایت و پەڕەی فەیسبووک هەن کە خەڵکانێکی زۆر لەوێدا بەشدارن و زۆریان شارەزای زمانی کوردین، ئەگەر بۆ وشەیەکی تایبەتی گیرت کرد، دەتوانیت پرسیارەکەت لە یەکێک لەو شوێنانەدا بپرسی و زۆر جار بێوەڵام نامێنیتەوە، بەڵام لەبیریشت نەچێت لەوانەیە زۆر بۆچوونی واش ببینیت کە لەسەر بنەمایەکی زمانەوانییانە دانەڕێژراون، بەڵام زۆر جاریش کەسانی شارەزا بەباشی دەتوانن ڕێنوێنیت بکەن.

ئەگەر لە وەرگێڕانی ڕستەیەکدا دوودڵیت، هەوڵ بدە بیدەیتە کەسێکی تر کە بۆ زمانە سەرچاوەکە وەری بگێڕێتەوە، بزانە ئایا دەچێتەوە سەر هەمان نووسینی پێش لە وەرگێڕان یان بووە بە شتێکی تر.

**٨.** لە کۆڕێکدا پارێزەرێکی سویدی باسی گرنگیی وەرگێڕانی دەکرد و گوتی: جارێک دەقێکمان لە سویدییەوە دا بە بنکەیەکی وەرگێڕان کە بیکەنە عەرەبی، پاشان هەمان دەقی بەعەرەبیکراومان دایە بنکەیەکی تری وەرگێڕان کە وەری بگێڕنەوە بۆ سویدی.

پارێزەرەکە گوتی: ئێمە لە دەرەنجامی ئەو کارە زۆر حەپەساین، چونکە ئەوەی وەرگێڕدرابووەوە سویدی، زۆر جیاوازیی هەبوو لەو دەقە

سویدییەی کە لە پێشدا دامانبوو وەری بگێڕنەوە. ئەمە نیشان دەدات کە دەق لە وەرگێڕاندا چۆن گۆڕانی بەسەر دێت.

جا ئەو نموونەیە دەمانخاتەوە بیری ئەو وەرگێڕانە پلە دوو، پلە سێ و تەنانەت پلە چوارانەی کە لە زمانانی ترەوە دوای چەند وەرگێڕان کراونەتە کوردی. بیر بکەنەوە دەقێک کە بە فینلەندی نووسرابێت و پاشان کرابێتە ئینگلیزی و پاشان کرابێتە فارسی و پاش ئەو هەموو وەرگێڕانە کرابێتە کوردی، دەبێت چەندە گۆڕانی بەخۆیەوە بینیبێت!

**٩.** لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی دوورودرێژدا، هەوڵ بدە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە و وەرگێڕانی ئازاد خۆت بپارێزیت، بەڵکوو وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە بکە، چونکوو ئەو کاتە نە وەرگێڕانێکی سەیر بەدەستەوە دەدەیت و نە پەیامێک دەقرتێنرێت. لەو دۆخەشدا دەبێ واتا وەربگێڕیتەوە، نەک وشە بە وشە.

**١٠.** هەر نەتەوەیەک بە شێوەی تایبەت بە خۆی بیر دەکاتەوە، جاری وایە بەهیچ شێوەیەک ناتوانیت هەندێک دەستەواژە وشە بە وشە لە زمانێکەوە وەربگێڕیتەوە سەر زمانێکی تر، چونکە لە زمانی مەبەستدا هیچ واتایەک نابەخشن، بۆ نموونە ناتوانیت ئەم دەستەواژانەی خوارەوە وشە بە وشە بکەیتە سویدی، چونکە بەو ڕیزبوونە و بەو واتایانە بۆ ئەوان هیچ واتایەک نابەخشن:

ماندوو نەبیت.
بەسەر چاو.
کڵاوی نا سەرم.
خوا قەزات.
لە دەورت گەڕێم.

**١١.** لە وەرگێڕان لەنێوان دوو زماندا، تەنیا زانینی وشە بەو دوو زمانە بەس نییە، دەبێت هەستی وەرگێڕان لە گیانتدا هەبێت و بە ڕاهێنانی زیاتر



Scanned with CamScanner

خۆت زاناتر بکەیت. هەروەها دەبێت لە بواری ئەو بابەتەی وەرگێڕانی "لێ/ بۆ" دەکەیت شارەزاییت هەبێت، بۆ نموونە کەسێک کە لە بواری نەخۆشەوانیدا خەریکی وەرگێڕانە، دەبێت لانی کەم لە بنەماکانی ئەو زانستەدا شارەزاییی هەبێت، ئەگەر کەسێک وەرگێڕان بۆ فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەری دەکات، دەبێت ئاگاداری یاسا و ڕێساکانی بواری پەنابەری بێت، نەک بە تەنیا هەوڵ بدات وشەکان وەربگێڕێتەوە، واتە دەبێت بەوردی بزانێت پەناخواز و پەنابەر چ جیاوازییەکیان هەیە و ڕەوتی پەنابەری هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چۆنە و ئەو یاسا و چەمکانەی لەو نێوانەدا بەکار دەهێنرێن چین و بڕگەکانی پەنابەری لە چی دەدوێن و یاساکانی پەنابەری چین.

**١٢.** ئەگەر کەسێک بۆ پۆلیس و لێکۆڵەر و داواکاری گشتی و دادگا وەرگێڕان دەکات، دەبێت بەوردی ئاگاداری هەموو خاڵەکانی ئەو بوارە بێت، دەبێت بزانێت گومانلێکراو، تۆمەتبار و تاوان و تاوانبار چین، چی بە ڕەوتی تاوانکردن هەژمار دەکرێت و کێ و چۆن لێکۆڵینەوە دەکات و یاسا لەو بوارانەدا چی دەڵێت. لە دادگادا پێویستە وەرگێڕ هێندە شارەزا بێت کە بتوانێت وەرگێڕانی هاوکات بکات، واتە دوای چرکەیەک دەست بکات بە وەرگێڕان. لە دادگادا کات نادرێتە وەرگێڕ، وەرگێڕ دەبێت وەک کۆمپیوتەرێک خێرا چەمکەکان بزانێت و وەریان بگێڕێتەوە. وردبین بێت، تەنانەت تێکەڵکردنی نیشانەی تاک و کۆ لە دادگادا دەتوانێت کارەساتی لێ بوەشێتەوە، هەر بۆیە وەرگێڕی ئەو بوارە دەبێت خولی تایبەتیی یاسای خوێندبێت، لە وڵاتی سویددا بۆ هەموو بوارەکان و بەتایبەتی بۆ بواری یاسازانی خولی تایبەت بۆ وەرگێڕەکان دانراوە، دەبێت یاسا و ڕێسای زۆر فێر ببێت و هاوکاتیش هەزاران وشە لەبەر بکات.

**١٣.** لە وەرگێڕاندا نەک وشە، بەڵکوو دەبێت هەست و نەستی زمانی سەرچاوەش بگوێزیتەوە بۆ خوێنەری زمانی مەبەست. بۆ نموونە (کوند، بایەقوش) لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و تەنانەت ئەفریقاش، نوێنەری نەگریسی و ماڵوێرانییە، بەڵام لە ئەورووپای نوێ ئەوە نوێنەری ئاوەز و ژیرییە. چونکوو لە یۆنانی ئانتیکدا، کوند مەلی پیرۆزی خواژنی ژیری و ئاوەز (ئاتێنا) بوو. جا ئەگەر هۆنراوەیەک وەربگێڕیتەوە کە سەردێڕەکەی بە "بایەقوش" دیاری کرابێت، دەبێت بزانیت لە کام فەرهەنگەوە بۆ کام فەرهەنگ وەرگێڕان دەکەیت، ئایا وەرگێڕانەکەت دەتوانێت هەمان هەست و نەست لای زمانی دووەم بەدی بهێنێت؟

**کوند نوێنەری ماڵوێرانی یان ژیری؟**

**١٤.** یەکێک لەو یاسایانەی کە وەرگێڕێک دەبێت بەوردی شارەزاییی لێ هەبێت پێی دەوترێت (تایپۆلۆجیی زمانەوانی Linguistic typology).

**سیستەمی ڕیزبوونی (بکەر subject، کار verb، بەرکار object)**

وشەکانی هەر زمانێک لەناو ڕستەدا بەپێی ڕێسای تایبەت بەو زمانە ڕیز بوون، بەڵام ئەم ڕیزبوونە هەمیشە وەکوو یەک نین و جۆربەجۆرن:

subject-verb-object
subject-object-verb
verb-subject-object
verb-object-subject
object-subject-verb
object-verb-subject

ڕستەیەکی ئینگلیزی وا ڕیز دەبێت:

**SVO**

We drink water.

ئەگەر بێت و ئەو ڕستەیە وەربگێڕینەوە و بەپێی سیستەمی بکەر، کار، بەرکار واتە (SVO) ڕێکی بخەین دەبێت بڵێین: (من دەخۆمەوە ئاو)، هەموومان دەزانین کە ئەوە هەڵەیە و کورد وا قسە ناکات بەڵکوو سیستەمی تایپۆلۆجیی زمانی کوردی (بکەر، بەرکار، کار) واتە (SOV)ە. بەپێی ئەوە بێت دەبێت بڵێین: من ئاو دەخۆمەوە.



Scanned with CamScanner

ئەمڕۆکە زۆر جار دەقی وەرگێڕدراو دەبینین کە بەداخەوە زۆر زوو دەردەکەوێت کە وەرگێڕەکەی هەر ناوی سیستەمی تایپۆلۆجیی زمانەوانیی نەبیستووە و ڕستەسازیی زمانی بێگانە بەزۆر دەسەپێنێت بەسەر زمانی کوردیدا.

کەوا بێت، لە کاتی وەرگێڕاندا، ڕستەسازیی زمانی مەبەست لەبەر چاو بگرە و بایەخ بەوە بدە و ڕستەسازیی زمانی سەرچاوە مەسەپێنە بەسەر زمانی مەبەستدا.

**١٥.** دەبێت وریا بین و نەکەوینە ژێر کاریگەریی تایپۆلۆجییی زمانێکی بێگانەوە، بۆ نموونە دەستەواژەی:

**(کۆمەڵگای زەهرای پزیشکی خێرخوازی)**

دەستەواژەیەکی بەتەواو داڕێژراو بەپێی تایپۆلۆجیی عەرەبییە **(مجمع زهراء الطبی الخیری)**. تایپۆلۆجییە کوردییەکەی دەبێتە:

(کۆمەڵگای پزیشکیی خێرخوازیی زەهرا)

ئێمە دەتوانین بڵێین: کۆمەڵگا پزیشکییە خێرخوازییەکەی زەهرا، بەڵام ناتوانین بڵێین: کۆمەڵگا زەهرا پزیشکییە خێرخوازییەکە، کەوا بێت ناشکرێ بڵێین کۆمەڵگای زەهرای پزیشکی خێرخوازی.

**١٦.** کورد لە کۆنەوە بە پاشگری (...انە) وشەی نوێی داڕشتووە، بۆ نموونە، پیاو + انە = پیاوانە.

پیاوانە واتە ئەو شت/شتانەی کە تایبەت بە پیاو بن، وەک جل، کار، قسە، بەڵێن، حەمام و هتد.

دەشتوانێت بۆ هەر کەسێکی تر بێت وەک: ژنانە، کوڕانە، کچانە، منداڵانە، گەنجانە، پیرانە و هتد.

قسەیەکی پیاوانەی کرد.

کارێکی منداڵانەی کرد.

جلی ژنانەی کوردی زۆر جوانە.

دەتوانین ئێستەش لەسەر هەمان پێوەر وشە نوێیەکانمان ساز بکەین، وەک:

قوتابخانەی کوڕانە، قوتابخانەی کچانە،

واتە قوتابخانەیەک کە تایبەتە بە کوڕان، قوتابخانەیەک کە تایبەتە بە کچان.

لە فارسییشدا - کە سیستەمی تایپۆلۆجییەکەی وەک کوردییە - دەوترێت: مدرسە پسرانە، مدرسە دخترانە.

جا ئەگەر ئەو قوتابخانە کوڕانە یان کچانە ناوێکیشی هەبێت ناوەکە پاش ئەو دوو وشەیە دەنووسین، بۆ نموونە:

قوتابخانەی کوڕانەی قانع، واتە قوتابخانەکە کوڕانەیە و تایبەتە بە کوڕان و ناویشی "قانع"ە، ناکرێ بنووسین: قوتابخانەی قانعی کوڕان، ئەوە وەکوو ئەوەیە کە بڵێین قوتابخانەکە قانعە و هی کوڕانە، یان قوتابخانەکە هی قانعە و قانعیش هی کوڕانە، بۆیە دەبێت بنووسین: قوتابخانەی کوڕانەی قانع.

جا لەبەر ئەوە هەموو ئەم تابلۆیانە کە بەپێی تایپۆلۆجیی عەرەبی وەرگێڕدراونەتەوە یان نووسراون، دەبێت بەزوویی بگۆڕدرێن:

ئامادەیی کوڕانەی شۆرش

✘ **نەک:** ئامادەیی شۆرشی کوڕان

✓ قوتابخانەی بنەڕەتیی کوڕانەی "کامل بصیر"

✘ **نەک:** قوتابخانەی "کامل بصیر "ی کوڕانی بنەڕەتی

✓ قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵاوی "قەدەمخێر"

✘ **نەک:** قوتابخانەی "قەدەمخێر" ی سەرەتایی تێکەڵاوی

✓ قوتابخانەی بنەڕەتیی تێکەڵاوی "زەڵم"



Scanned with CamScanner

✘ **نەک:** قوتابخانەی"زەڵم" ی بنەڕەتیی تێکەڵاو

✓ سەنتەری نێودەوڵەتیی کوردستان/ناوەندی نێودەوڵەتیی کوردستان

✘ **نەک:** سەنتەری کوردستانی نێودەوڵەتیی

✓ سەنتەری پزیشکیی میدیا/ناوەندی پزیشکیی میدیا

✘ **نەک:** سەنتەری میدیای پزیشکی

نموونەیەکی تری هەڵە و داسەپاندنی تایپۆلۆجیی عەرەبی ئەوەیە کە بۆ نموونە دەڵێن:

شوێنی کاروان بۆ فرۆشتنی کۆمپیوتەر.

کە هەڵەیە و دەبێ بوترێت: کۆمپیوتەرفرۆشیی کاروان

✓ فرۆشگەی جلوبەرگی پیاوانە

✘ **نەک:** بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی پیاوانە

جاری وایە وەرگێڕانێکی سەیروسەمەرە دەبینی کە زیاتر لە دارمیوەی متوربەکراو دەچێت بە وشە و پیتی کوردی و عەرەبی:

✘ هەڵە: بۆ وێنە گرتنی هەموو جۆرە ئاهەنگێک بە کامیرای دیجیتاڵ طبع کردنی وێنەی میمۆری تحویل کردنی کاسێت بۆ DVD-CD

**١٧.** جاری وایە وەرگێڕ لەنێوان دوو زماندا گیر دەکات کە وشەدانەکانیان وەکوو یەک نین، بۆیە لەوێ دەبێت زیرەک بێت و شارەزای زانستی زاراوەزانی بێت، ڕەنگە لە هەندێک شوێندا ناچار ببێت کاری وشەسازی بکات، بۆیە وەرگێڕێک دەبێت بۆ نموونە بزانێت کە یاسا و



Scanned with CamScanner

ڕێساکانی وشەسازی چین و دەبێت بەوردی لێیان تێ بگات و بزانێت کامیان بکاتە بنەما بۆ وشەسازی.

| word-formation | وشەسازی |
|---|---|
| 1. Affixation | ١. بە یارمەتیی گیرەک |
| 2. Back Formation | ٢. پاشسازی |
| 3. Blending | ٣. تێکەڵکردن |
| 4. Clipping | ٤. کورتکردنەوە |
| 5. Compounding | ٥. لێکدان |
| 6. Conversion | ٦. گۆڕین |
| 7. Derivation | ٧. داڕشتن |
| 8. Loan Translation (Calque) | ٨. قەرزەوەرگێڕان |
| 9. Loanword | ٩. قەرزەوشە |
| 10. Neologism | ١٠. نوێوشەخوازی |
| 11. complex word | ١١. وشەی ئاڵۆز |

**١٨.** هەر کاتێک دەقێک بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانێکی دیکەی وەک عەرەبی و تۆش بتەوێت لەوێوە بیکەیتە کوردی، دەبێت وربین بیت کە ناوەکان وەک زمانی عەرەبی نەنووسیتەوە، چونکوو ئەوان پیتیان بۆ هەندێک دەنگ نییە و وشەکان بە شێوەیەکی تر دەنووسنەوە، بەڵام ئێمە بەرانبەریان پیتمان هەیە و دەبێت هەوڵ بدەیت کە ناوەکان لە بنەڕەتدا بدۆزیتەوە و بەپێی توانای زمانی کوردی بییاننووسیتەوە، بۆ نموونە:

هەندێک وشەی ئینگلیزی بەپێی فارسی و عەرەبی داڕێژراونەتەوە، چونکە ئەوان پیتیان بۆ ئەو دەنگانە نییە، بۆ نموونە لە عەرەبیدا (ڕیچارد) بووە بە (ریتشارد)، ئەو وشانە بەو جۆرە نابێت بهێنینە ناو زمانی کوردییەوە، چونکە خۆمان پیتمان بۆ ئەو دەنگانە هەیە، بۆ نموونە:

(ئەرشیف/ آرشیو) بە (ئەرشیڤ) بنووسرێت و (بانق) بە (بانک)، (صین) بە (چین)، (یابان) بە (ژاپۆن)، (غوستاف) بە (گوستاڤ)، (مارغاریتا) بە (مارگاریتا)، (غابرییل غارسیا) بە (گابریەل گارسیا)، (غاندی) بە (گاندی) بنووسرێنەوە.

گەلێک ناوی تر هەن کە لە فارسی و بەتایبەت لە عەرەبیدا نووسینەوەیان گۆڕانیان بەسەر هاتووە و دەبێت هەوڵ بدەین بە ڕێنووسی کوردی بیاننووسینەوە، بۆ نموونە وشەی (Video) بە کوردی وا دەنووسرێت: (ڤیدیۆ)، نەک وەک فارسی بنووسین (ویدیو) و نەک وەک عەرەبییش بنووسین (فیدیو).

## دەرەنجام

وەرگێڕان ئەرکێکی گرنگە و مرۆڤ دەبێت هەستی دەروونیی تایبەتیی بۆی هەبێت، بەڵام دەتوانێت تواناییەکەی بە ڕاهێنان و سەرنجدانی یاسا و ڕێساکان بەهێزتر بکات. ئەمڕۆکە زۆر لە تابلۆکانی هەندێک لە شارەکان بەپێی تایپۆلۆجیی زمانی عەرەبی کراونەتە کوردی یان نووسراون، پێویستە زمانی کوردی بکەینە پێوانە بۆ نووسینەکان و وەرگێڕانەکانمان، دەبێت هەموو ئەو هەڵانەی کە لە شوێنە گشتییەکاندان، بەزووترین کات چاک بکرێنەوە، چونکە ئەوانە دەبنە هۆی سەرلێشێواندنی خەڵکی ئاسایی و ڕێنووس و ڕێزمان و تایپۆلۆجی بەهەڵە فێری خەڵک دەکەن.



Scanned with CamScanner

**(ڕێنووسی زمانی کوردی)،**

**لێرەش بە شێوەی سەرهێڵ لە بەردەستدایە:**

ڕێنووسی زمانی کوردی

diyako.yageyziman.com

**پرسبرکێ (Quiz) لە پێوەندی لەگەڵ زمان و وێژەی کوردیدا:**

لێرە دەتوانن توانایی خۆتان لە بوارە جیاجیاکانی زمانی کوردی هەڵسەنگێنن:



Scanned with CamScanner

# Kurdish Orthography and Punctuation A Short Introduction

By:
Diyako Hashemi

49 Book
Publishing

Scanned with CamScanner

# Kurdish Orthography and Punctuation

## A SHORT INTRODUCTION

Diyako Hashemi

لەم دنیای پێشکەوتووەی دیجیتاڵییەدا، هەموو نووسینێک لەسەر بنەمای (0) و (1) و بەکۆدکردنە، ڕێنووسی یەکدەست بۆ تۆمارکردن و بەدواداگەڕانیان زۆر پێویستە. دەتوانن بکرێنە بنەمای کاری گەورەتر بۆ داهاتوو.

ئەم ڕێنووسە هەوڵێکە بۆ لێکنزیککردنەوەی هەموو دەقەکان، زمان بەردەوام دەگۆڕێت، با ئێمەش بەردەوام خۆمان نووژەن بکەینەوە.

ISBN 978-91-89439-15-3

9 789189 439153 >

49 Book

Scanned with CamScanner